# دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەسەر شاعیرانی کرمانجی خواروو
# (پیرەمێرد،گۆران،دیلان)

د. دلشاد علی محمد
بەشی کوردی - کۆلیجی زمان

## پێشەکی

### بابەت و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

هەندێ لەو وتارو لێکۆڵینەوانەی کەتائێستا دەربارەی (مەولەوی) بڵاوکراونەتەوە، ئاوڕیان لەکاریگەری (مەولەوی) لەسەر چەند شاعیرێکی کرمانجی خوارووش داوەتەوە، بەتایبەتیش لەسەر (پیرەمێرد)و (گۆران)و بەشێوەیەکی پراکتیکی کەم تا زۆر چۆنیەتی ئەو کاریگەرییەیان دیاری کردووە، دیارە ئەو ئاوڕدانەوەیەش بۆخۆیان بایەخی تایبەتییان هەیەو بۆ ئێمەش دەبنە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکەمان و هەوڵ دەدەین بیانکەینە زەمینەیەک و هەنگاوی نوێتریان لەسەر هەڵنێین و ڕێڕەوی تر لەبەردەم ئەو بابەتەدا بکەینەوە کەتائێستا هەر لەسنووری مەولەوی ناسیدا ماوەتەوەو هەوڵ نەدراوە سنوورەکەی فراوانتر کرێ تا بتوانرێ بەهۆیەوە کۆمەڵێ ئەنجامی گرنگ دەربارەی بزووتنەوەی شیعری کوردی بەگشتی و دەربارەی تاقیکردنەوەی شیعریی هەریەکێ لەو شاعیرانەی کاریگەربوون بەمەولەوییەوە بەتایبەتی، بخرێتە بەردەست.

بەم پێیە هەنگاونانی لێکۆڵینەوەکەمان لەڕاستی کاریگەری مەولەوی لەسەر دوو شاعیری ڕابەری بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردی لەسییەکانی سەدەی بیستەمدا کە(پیرەمێرد)و (گۆران) بوون و پاشتریش لەسەر شاعیرێکی دیاری سەر بەو بزووتنەوەیە کە (دیلان)بوو، بۆخۆی بەرەو ڕاستییەکی ترمان دەبات کەئەویش دیاردەی دابڕان و دوورە پەرێزی (مەولەوی)و بزووتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروو لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لەیەکتری و تائێستا پەی

بـەهۆکارەکانی نـەبراوە، هـەروەك چـۆن بایـەخ بـەهۆکارەکانی کاریگـەربوونی ئـەو شـاعیرانە بەمەولەوی‌یەوە نەدراوە. هەر لێرەوە لێکۆڵینەوەکەمان هەوڵ دەدات پەی بەکۆمەڵێ راستی نوێ دەربـارەی رێـڕەوی شـیعری کـورد بەگشـتیو بزووتنـەوە نوێکـەی شـیعری کـوردی لـەکرمانجی خواردوودا بەتایبەتی ببات، ئەمە سـەرباری ئـەو راستی‌یانەی کـەدەربارەی ئـەو شـاعیرانە دێنـە بەردەستمان کەکاریگەری مەولەوی‌یان لەسەر بووە، چونکە وردترو قوڵتر بەتاقیکردنـەوەکانیاندا شۆڕدەبینەوەو هـەوڵ دەدەین هۆکاری ئەوبەرەو مەولـەوی چـوونو هەڵکشـانەیان دیـاری بکـەین، سـەباری هـەموو ئەمانـەش لێکۆڵینەوەکـە بۆخـۆیو ئـەو ئەنجامەشـی کەگەڵاڵـەی دەکـات دەتوانـێ لەبواری مەلەوی ناسیدا سوودمەندبێت.

**پلانی لێکۆڵینەوە:**

بەپێی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەو بەنیازی گەیشتن بەکۆمەڵێ ئەنجامی نوێ، سنووری بەردەمی لێکۆڵینەوەکـەمان فراوان کـردوەو لـەو بازنـە تەسـکە دەربازمـان کـردوە کەتەنـها وەڵامێـك بـێ بـۆ پرسیاری چۆنیەتی کاریگەری (مەلەوی) لەسەر شاعیرانی تر. ئەمەش لەرێگای رووبەڕووکردنەوەی لێکۆڵینەوەکـەمان بـەرەو دوو پرسـیاری تـری گرنگـتر کـەبریتین لـە: کـەیو بۆچـی ئـەو شـاعیرانە کەوتوونـەتە ژێـر کاریگـەری مەولەوی‌یەوە؟ کەبێگومان تائێسـتا هیـچ لێکۆڵینەوەیـەك رووبـەڕووی خۆی نەکردۆتـەوە. دیاریشـە کەئـەو دوو پرسـیارە راسـتەوخۆ رووەو هـەردوو دیـاردەی دابـڕانو کاریگـەربوونی شـاعیرانی کرمـانجی خـواروو بەمەولەوی‌یـەوەمان دەبـەن کەلـەدوو بزووتنـەوەی شـیعری‌دا دەبیـنرێن، بزووتنـەوە کلاسـیکی‌یەکەی سـەدەی نـۆزدەو بزووتنـەوە نوێکـەی سـەدەی بیسـتەم، هـەر لێرەشـەوەو بەپێی ناونیشـانی لێکۆلینەوەکـەمان کـەدیاردەی کاریگـەری مەلەوی‌یـە لەسەر شاعیرانی کرمانجی خواروو، نەك دیاردەی دابڕان لەمەولـەوی، پلانی لێکۆڵینەوەکەمان بـەم شێوەیە رەنگرشتووە:

سـەرەتا: هـەوڵ دەدەیـن تیایدا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینـەوە کـەدەربارەی دوورکەوتنـەوەی رابـەرانی بزووتنـەوە شـیعری‌یەکەی کرمـانجی خـواروو لـە(مەولـەوی)و شـیعری هـەوارمی دێتـە بەدەستمانو تائێستا وەڵام نەدراوەتەوەو بەبایـەخدان پێیو وەڵامدانـەوەی دەتوانـێ زانسـتیانە رووەو بەشەکانی‌تر لێکۆڵینەوەکەمان هەنگاو هەڵنێن کەبریتین لەم بەشانە:

بەشی یەکەم: تەرخان دەکەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (کەی ئەو سێ شاعیرەی کرمـانجی خواروو کەپیرەمێردو گۆرانو دیلان)بوون کەوتوونەتە ژێر کاریگەری مەولەوی‌یەوە؟.

بەشی دووەم: تەرخان دەکەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری(بۆچی؟)یەکە.

بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری(چۆن؟)ەکەو تیایدا هەوڵ دراوە قوڵترو زانستانەتر چۆنیەتی کاریگەری مەولەوی لەسەر هەریەکێ لەوسێ شاعیرە دیاری بکەین.

دیارەهەڵبژاردنی ئەو سێ شاعیرەش کە(پیرەمێردوگۆران ودیلان)ن وەك تەوەرێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە کەدیاردەی کاریگەری مەولەوی لەدەور دەسوڕێنینەوە،ئاکامی ئەو راستی‌یەن کە ئەو سێ شاعیرە لە شاعیرانی تری بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردی زیاتر کاریگەر بوون بە مەولەوی‌یەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کەبەلای ئێمەوە دوانیان کە(پیرەمێردو گۆران) بوون رابەری راستەقینەی بزووتنەوەکەبوون‌و (دیلان)یش دەوڵەمەندکەری بزووتنەوەکەبووە* .

لەکۆتایی ئەو سێ بەشەشدا ئەو ئەنجامە گرنگانە دەخەینە بەردەست کەلێکۆڵینەوەکەمان گەلاڵەی دەکات، هیواداریشین زانستانەو سوودمەند بن.

---

*ئاگاداری ئەوەین کەشاعیرێکی نوێخوزای بیستەکانی سەدەی رابردووی وەك (شێخ نوری شێخ صالح)یش باسی لەوە کردووە کەشەیدای شیعرەکانی (مەولەوی)بووەو دەربارەی خۆی وتوویەتی : ((نوری لەهەموو شوعەرای کورداندا وردی فیکرو ئیجادی شاعیری شەهیر (مەلەوی) زۆر پەسەند ئەکات)) بەڵام بەلای ئێمەوە ئەم پەسەند کردنەی نەبووە هۆی ئەوەی کەوەك پیرەمێردو گۆران‌و دیلان بکەوێتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی (مەلەوی)یەوەو لەهەنگاونانی‌دا بەرەو نوێکردنەوەی شیعری کوردی وەك ئەوان دەم بنێ بەو سەرچاوە رەسەنەی شیعری کوردی‌یەوە.

**سەرەتا:**

سیماو شەقڵێکی دیاری مێژووی سەرهەڵدان و ڕێڕەوی گەشەسەندنی شیعری کوردی بەبەراوردکردنی لەگەڵ مێژووی ئەدەبی میللەتانی تردا، ئەوەیە کە ئەو سەرهەڵدان و گەشەسەندنەی شیعری کوردیمان تا سەدەی بیستەم لەبازنەی جیاجیا و لەیەك دابڕاوی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدابووەو لەیەك چوارچێوەی گەشەسەندندا نابینرێ. ڕاستە سەرهەڵدان و ڕێڕەوکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیمان، بەدیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆتە هۆی پڕکردنەوەی کەلێنی مێژوویی لەئەدەبی کوردیدا، بەلام بزوتنەوەی شیعریی لەهەریەکێ لەو دیالێکتانەدا، لەناوخۆیاندا گەشەیان سەندووەو نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری یەکتری‌یەوە مەگەر تەنها بتوانرێ چەشنە نزیکبوونەوەیەکی شیعری لوڕی و شیعر هەورامی لەیەکتری دەستنیشان بکەین، ئەویش تەنها لەقۆناغی سەرهەڵدانی دووبەیتی‌یەکانی بابا تایەری هەمەدانی‌دا کەبەبۆچوونی ئێمە هەوێنەکەیانی لەهەورامان و لەشیعری هەورامی‌یەوە، بەدەستهێناوە.[1]

دیارە ئەو چەشنە دابڕانەی شیعری دیالێکتەکان لەیەکتری، هۆکاری مەوزوعی خۆی هەیە کەدیارترینیان دابڕانی شاعیرانی کوردی سەر بەو دیالێکتانەبووە لەیەکتری، بۆیە دیاردەکە لەو ئاستەدا ئاسایی دەبینرێ و پرسیار بەدوای خۆیدا ناهێنێ تا نەگاتە ئەو ئاستەی کەبازنەی دابڕانەکەی شاعیران لەیەکتری لەت بووبێ و لەیەکیان دابێت و لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر دیاردەی کاریگەری‌یەکە بەدی نەهاتبێت و دابڕانە مەوزوعی‌یەکە بووبێتە خۆدابڕانێکی خودی، هەروەك لەڕێڕەوی شیعری کلاسیکی کرمانجی خواروو شیعری هەورامی دا بەدی دەکرێ و هەندێ نووسەر لەڕوانگەی تاقیکردنەوەی شیعری مەولەوی‌یەوە ئاوریان لەو دیاردەیە داوەتەوەو پرسیاریان دەر بارەی ورووژاندووەو بێ وەڵامیش هێشتوویانەتەوە.

(حەمەی مەلا کەریم) یەکێکە لەو نووسەرانەو دەپرسێ، مەولەوی‌یەك ((کەلەسەردەمی نالی و سالم و مستەفا بەگی کوردی‌دا شاعیربووەو لەپاڵیانا لەسلێمانی ژیاوە، چۆن بووە وا بەهیچ جۆرێ توخنی ڕێبازی شیعری ئەوان نەکەوتووە))[2]

هەمان پرسیار ڕووبەڕووی (ئەنوەری قادر محەمەد)یش بۆتەوەو بێ وەڵامیش هێشتوویەتی‌یەوە، سەرەتاش هەست بەو یاردەی دابڕانەی نێوان نالی و هاوڕێکانی و نێوان مەولەوی دەکات و دەڵێ (زۆر سەیرە! بەپێچەوانەی پەیوەندی مەولەوی لەگەڵ شێخەکانی و جاف و ئەردەڵانی‌یەکاندا، ئاشنایەتی مەولەوی لەگەڵ بابانەکاندا نەلەشیعرو نەلەنامەکانیدا هیچ ئاسارێکی دیارنییە)[3] پاش ئەمە ئینجا دەپرسێ و دەڵێ:(لێرەدا پرسیارێك لەبەردەمماندا قووت دەبێتەوە، کەتائێستاش وەڵامێکی نی‌یە، ئەویش ئەوەیە؛ چۆن مەولەوی‌یەك کەهاتوچۆی سلێمانی کردووەو ئاشنای میرەکانی بابان بووەو واش زانراوە کەنالی شاعیریش لەپایتەختی بابانەکاندا

ژیاوەو هاتوچۆکەری دەرباریان بووە، کەچی بەهیچ کلۆجێك تالە دەزوویەکی پەیوەندیو دۆستایەتی لەنێوانیاندا نییە)[٤]

هەر ئەو پرسیارە لای ئێمەو بەدیوەکەی تردا پرسیارێکی تری گرنگ بەدوای خۆیدا دەهێنێو رووبەڕووی لێکۆڵینەوەکەمان دەبێتەوەو دەپرسێ: چۆن بووە کەنالیو سالمو کوردی نەك هەر لە(مەولەوی) بەڵکو لەکەلەپووره شیعرییە دەوڵەمەندەکەی شێوەزاری هەورامیش سوودیان وەرنەگرتووەو تاقیکردنەوەشیعرییەکانی خۆیانیان پێدەوڵەمەند نەکردووە، هەروەك چۆن دواتر هەندێ لەشاعیرانی کرمانجی خواروو سوودیان لێ بینیو تاقیکردنەوەکانیان پێدەوڵەمەند کرد؟ بەتایبەتیش ئەمە لەکاتێکدا کەدیالێکتی گۆڕانو شیعری هەورامی لەناو کۆشکی فەرمانڕەوایی بابانەکانداو [٥] لەناو کۆمەلانی خەلکی دەرەوەی ئەو کۆشکەشدا باویان بووەو شیعری هەورامی بۆخۆی هەوێنی بەستەو مەقامی گۆرانیبێژەکانیان بووە[٦]

کەواتە ئەوەی لێرەدا دەبێتە کرۆکی باسەکەو پرسیارەکە ئەوەیەکە: بۆچی نالیو سالمو کوردی خۆیان لەشیعری هەورامیو لە(مەولەوی) دابڕیو نەکەوتنە ژێر کاریگەرییانەوە، لەکاتێکدا کەزەمینەی ئەو کاریگەربوونە رەخساوبووە؟

لەسەرەتاداو بەبۆچوونی ئێمە هەر ئەو هۆکارانەی کەرۆڵیان لەچەکەرە پێکردنی بزووتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروودا بینیوە، جا چ لەسەر ئاستی خودی رابەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بووبێ یا لەسەر ئاستی بارودۆخی گونجاوو لەباری میرنشینییەکەی بابان بوبێ بۆخۆیان هەمان هۆکاریش بوون کەرۆڵیان لەدابڕینی ئەو بزووتنەوەیە لەشیعری هەورامیو مەولەوی بینیوە.. چۆن؟

ئاشکرایە کەگەلێ نووسەرو لێکۆڵەرەوەی کورد هەولی دیاریکردنی ئەو هۆکارانەیان داوەو سەرجەمیشیان بارودۆخی لەباری سیاسیو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری میرنشینەکەی بابانیان بەهۆکاری سەرەکی داناوە [٧]

کۆنترین هەوڵدانیش لەم رووەوە کەبەردەستمان کەوتبێ لێکۆڵینەوەیەکی (رەشید نەجیب)ی شاعیرە کەبەلای ئێمەوە لەدوو لایەنەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە: لەلایەکەوە تائێستا هیچ نووسەرو لێکۆڵەرەوەیەك ئاوری لێنەداوەتەوەو بایەخی پێنەداوە، لەلایەکیترەوە وردترتێڕوانینەکانی دەخاتە بەردەستو زانستانەش بزووتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروو لەکەلەپووره شیعرییەکەی دیالێکی گۆرانو لەمەولەوی جیادەکاتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لێرەدا ئاوڕی لێبدەینەوە.

لەبەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەداو دەر بارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی دوای بلاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامو لەژێر ناونیشانی (ئەدەبیاتی عەوامو بەیت نووسی)دا دەلێ:(لەپاش ئەوەی گڕو گەرمی حەماسەت بەسەرچوو گرژی ئەعساب خاوبووەوە، لەناو عەوامدا رووەو ئەدەبیاتی کورد حەرەکەتێك پەیدا بوو، هیچ شایانی تەعەجوب نییە کەبەر لەهەموو کەسێ پێشەوای ئەم حەرەکەتە تەبەقەی عەوام بوو، چونکە ئەم دەستەیە کەمتر لەرابردووی میللی خۆیان جیاکرابوونەوەو لەسەقافەتی بێگانە دوور مابوونەوە.. ئەدەبیاتی ئەم تەبەقەیە تەنیا عیبارەت نەبوو لەبەیت

نووسی، زۆر غەزەل‌و مەنزوومەی دڵداری، تەعزیەو (مریثە)و سائیرەیان هەبوو.. ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرەو وەلی دێوانە، ئەولای حەسەن لەم ڕێگایەدا زۆر شتی جوانیان جێهێشتووە..

لەناوەڕاستی عەسری نۆزەمیندا شاعیرێکی گەورەی کورد — مەلا عبدالرحیم—ی مەولەوی ئەم تەرزە شیعرەی ژیاندەوە بەلەهجەی هەورامی..) [8]

پاش ئەوەو لەژێر ناونیشانی (غەزەل نوسی‌و ژیانەوەی سەقافەتی کوردو ئێرانی) دا، (ڕەشید نەجیب) دێتە سەر باسی بزوتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی جوارووکە(نالی‌و سالم‌و کوردی) رابەری بوون‌و دەربارەی دەڵێ: (دوای ئەوە کەبەشی عەوام‌و خەڵك بۆخۆیان ئەدەبیاتێکی نەزمی.. رێك‌و رەوانی دامەزراند، لەو مەیدانەدا زۆر شاسوارو شاکار هەڵکەوت، عولەماو مونەوەرانیش روویان کردە لای سەقافەتی کوردو ئێرانی، رابردووی خۆیان هاتەوە بیرو ئایندەیان خستەبەرچاو، ئەمە لەعەسری هەژدەمین‌و نۆزدەمین دابوو، ئیدارەی حکومەتی بابان بۆ ئەم بوژانەوەی سەقافەتی کوردو ئێرانە، تەئسیرێکی موهمی هەبوو. لەو زەمانەدا زمانی رەسمی بوو بەفارسی، دانشمەندان‌و ئودەباکانمان جگە لەعلوومی عەرەبی دەستیان کرد بەتتبعی ئاساری شاعیرەکانی فورس..؟ لەم دەورەدا — محیط— تەرزی ئیدارە، سەقافەت‌و حەیاتی ئیجتیماعی زۆر موساعید بوو بۆ پێگەیاندنی ئاساری بەرزو بێهاوتای ئەدەبی.. ئەگەر بۆ ئەدەبیاتی کوردی دەورو ئاساری کلاسیك قبوڵ بکرێ، بێگومان ئاسارو شعری ئەم چەرخە ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد تەشکیل ئەکات..) [9]

دەتوانین بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەو بۆچوون‌و تێڕوانینانەی (ڕەشید نەجیب) ئەم راستی‌یانە گەڵاڵە بکەین:

یەکەم: شیعری (عەوام) بەبنەماو هەوێنە رەسەنەکەیەوە کەدووربوون لەکاریگەری رۆشنبیری بێگانەو بەرابەرو داهێنەرەکانیەوە کە(تەبەقەی عەوام) خۆیان بوون‌و بەو زمانە کوردی‌یە پاراوو سادەییەی کەپێی دواون؛ بۆخۆی ئاکامی چالاکی‌یەکی گشتی کۆمەڵگای کوردەواری بووە نەك بزووتنەوەیەکی هۆشمەندانەی رەنگ بۆ ڕێژراو..

دووەم: لەپاڵ ئەو (بەیت) انەی کەرەشید نەجیب بەبەرهەمێکی دیاری ئەو چەشنە شیعرەی دادەنێ‌و بێ‌خاوەن لەسەر زاری بەیتبێژان ماونەتەوە؛ کۆمەڵە بەرهەمێکی‌تری شیعریی کەهەم خاوەنیان دیاربووەو هەم بابەتەکانیشیان جۆراوجۆر بووە. وەك شێوەکانی (ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرەو وەلی دێوانە) هەوێنی لەدایکبوونیان لەهەمان (تەبەقەی عەوام)ەوە بەدەستهێناوە کە لەحسیات‌و خۆی رەسەندان پاکترین تەبەقەی کوردن‌و لەگەڵ بێگانەدا نەلەعادات‌و نەلەخوێندندا تێکەڵ نەبوون، ئاسارو شیعرەکانیان نموونەیەکی خاوێن‌و ئەسڵی ئەدەبیاتی کوردی‌یە. [10]

سێیەم: (مەولەوی) شاعیریش کەبەلای (ڕەشید نەجیب)ەوە بوژێنەرەوەی ئەو چەشنە شیعرەیە، هەر لەو سەرچاوە رەسنەوە هەوێنی شیعرەکانی وەرگرتووەو هەر لەو سەرچاوەیەشەوە کەرەسەی هونەریی شیعریی هەڵێنجاوە کەدیارترینیان بنیاتی مەسنەوی‌و کێشی برگەیی‌و وشەی کوردی پەتی‌و وێنەی شیعریی رەسەن، نەك لاسایی، کار بوون.

چوارەم: بزووتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارووش لەسەدەی نۆزدەدا، ئاکامی بەخۆداچوونەوەو بیرکردنەوەی ئەو رۆشنبیری‌و رووناکبیرانە بووە کەوشیارانە ئاوڕیان لەرۆشنبیریی کوردو رۆشنبیریی ئێرانی کەبەشێك بوون لێی‌و وەك کورد بەشدارییان لەبنیاتنانیدا کردووە، دایەوەو رابردووی خۆشیان هاتەوە بیرو ئایندەشیان خستەبەرچاو. هەروەك رەشید نەجیبیش دەڵێ :( لەم بوژانەوەو ژیانەوەدا ئەدەبیاتی فارسی تەئسیرێکی گەورەی هەبووە، بەڵام ئەم تەئسیرە تەنیا عیبارەت بوو لەگۆڕانی وجهەی نەزەرەو وەکو بریسکەی ئاگرێ لەشەوێکی تاریکدا ون بوویەك بهێنێتەوە سەر رێی رستگاری، ئەویش کوردی خستەوە سەر سەقافەت‌و ئەدەبیاتی کوردو ئێرانی). [۱۱]

بەم پێیە بزووتنەوەکە بۆخۆی لەسەر ئەو زەمینەیە چەکەرەی کرد کەبەئەدەبیاتی فارسی تێراوکرابوو، ئەمە سەرباری زانستەکانی زمانی عەرەبی کەبۆخۆیان هەر لەو ئەدەبە فارسی‌یەدا هەزم کرابوون.

پێنجەم: ئەو بەخۆداچوونەوەو بیرکردنەوەیەی رۆشنبیرانی کورد لەو سەردەمەدا بۆخۆی ئاکامی ئەو هۆکارە مەوزوعی‌یانەبووە کەلەو کاتەدا رەخسابوون، بەتایبەتیش باری سیاسی‌و رۆشنبیری‌و ئابووری لەباری میرنشینی‌یەکەی بابان.

شەشەم: دیارترین بنیاتی هونەری ئەو بزووتنەوە شیعری‌یە (غەزەل)و (قەسیدە) بوون وەك دوو قالبی شیعری کەبۆخۆیان لەڕووی بنیات‌و کێش‌و قافیەو زمانی شیعری و وێنەی شیعری‌یانەوە هاوتای شیعری هونەریی فارسی بوون‌و جیابوون لەشیعری فۆلکلۆری‌و میللی‌و تەنانەت لەشیعرەکانی مەولەویش کەبەهۆی گۆرانیبێژانەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا گەلێ بەربڵاوبوون، هەروەك (جەمیل بەندی رۆژبەیانی) دەڵێ:(بەبیروڕای من نەمرترین شاعیری کورد لەدەروونی گەلی کورددا، لەکوردستان‌و ئێراندا، هەر بەتەنها (مەولەوی)یە، چونکە نەخوێندەوارانی گەلی کورد زیاتر لەرۆشنبیران شیعرەکانی مەولەوی‌یان لەبەرکردووەو لەمەقامە کوردی‌یەکانی وەك (خورشیدی ، ئای ئای، قەتار، ئەللاوەیسی، خاوکەر، نیوەشەوی، تێهەڵکێشی، هۆرە، دەروێشی، کەلووڕی.. هتد) دا بەگۆرانی دەیانڵێنەوە، هەر لەبەرئەمەشە کەکەم کەس هەیە مەولەوی نەناسێ‌و چێژی لێوەرنەگرێ) [۱۲]

بەم پێ‌یەو لەبەر رۆشنایی ئەو راستی‌یانەی لەو شەش خاڵەدا خستمانە بەردەست دەتوانین بڵێین کە: نالی‌و سالم‌و کوردی هۆشمەندانە رەنگیان بۆ بزووتنەوەیەکی نوێی شیعری رشت کەلەڕووی هونەری‌یەوە لەئاستی شیعری هونەریی میللەتانی دراوسێدا بووە، بەتایبەتی شیعری فارسی، دیارە ئەم رەنگ رشتنەش بەشیعری فۆلکلۆرو میللی‌و شیعری هەورامیش نەدەرێژرا، چونکە سیماو شەقڵی هونەری‌یان جیابووە، لەسیماو شەقڵی (غەزەل‌و قەسیدە) هەر بۆیە لەڕووی هونەری‌یەوە نەکەوتنە ژێر کاریگەرییانەوە.. بەواتایەکی تر بزووتنەوە شیعری‌یەکەی کرمانجی خوارووبەدوورکەوتنەوەو خۆدابڕینیان لەبنیاتی مەسنەوی‌و کێشی برگەیی‌و زمانی سادەو رۆژانەی ئاخاوتن رەنگی رێژراو بەرەوپێش هەنگاوی هەڵنا.

ئەم دیاردەی خۆدابڕینەش لەو بنەما هونەرییانەی شیعر بۆخۆی لەشیعری هەورامی بەگشتیو لەشیعرەکانی مەولەوی بەتایبەتی دابڕینو ئەم دیاردەی دابڕانەش تاسەدەی بیستەمی خایاندو لەبیستەکانی ئەو سەدەیەدا تێبینی دیاردەیەکیتر دەکەین کەئەویش دیاردەی بەرەو مەولەوی چوونە لەلایەن شاعیرانی کرمانجی خوارووەوەو پێچەوانەی دیاردەی یەکەمە کە دیاردەی خۆدابڕین بوو لێی، دیارە ئەمەش دەبێتە جێگای پرسیار کەبەتایبەتیش کەیو بۆچیو چۆن ئەو دیاردەی بەرەو مەلەوی هەڵکشانە سەری هەڵدا؟ لەبەشەکانی داهاتووش هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە..

## بەشی یەکەم: سەرەتای رووکردنە جیهانە شیعرییەکەی مەولەوی:

ئاشکرایە کەهەرکاتێ باس لەبزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کرابێ، راستەوخۆ وتراوەکەشاعیرانی کوردی ئەو قۆناغەی ئەدەبەکەمان، لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا ئەو بزووتنەوە نوێیەیەیان بەرپاکردووەوەو سیماو شەقڵە تازەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئاکامی کاریگەربوونی رابەرانی بزووتنەوەکە بووە بەئەدەبی تورکییەوە.[١٣] دیارە ئەم کاریگەربوونەی شاعیرانی کورد لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا بەئەدەبی تورکیەوە بۆخۆی راستییەکەو نکوڵی لێ ناکرێ، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە ئەم دیاردەی کاریگەربوونە بۆخۆی هەنگاوێك بووە لە بواری ئەو گۆڕانکارییە فیکریو هونەرییانەی کەدەکرێ لەشیعرەکانی حاجی قادری کۆییەوە سەرەتاکەی دیاری بکرێ، سیمای هەرە دیاری ئەم هەنگاوەش ئاوێتەکردنی بنەماکانی ئەو گۆڕانکارییە بووە بەو بنەما هونەریو فیکرییانەی کەلەئەدەبی تورکییەوە هەڵدە هێنجران. هەرچی خودی بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردییە، بەو شەقڵو سیمایانەی کەوەك بزووتنەوەیەکی نوێ دێتە بەردەستمان، ئەوا بەڕای ئێمە بەخۆداماڵین لەکاریگەری ئەدەبی تورکی رەنگی رێژرا نەك بەکاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی.

لێرەداو بۆروونکردنەوەی ئەم راستییە بەپێویستی دەزانین سەرەتا سەرنجێ ئاراستەی بزووتنەوەی نوێخوازی لەئەدەبی تورکیدا بدەینو ئەو راستییە دەربارەی بخەینەوە بەردەست کەبنەماو بنەڕەتی هەرەدیاری ئەو بزووتنەوەیە خۆداماڵینو خۆدوورخستنەوە بووە لەئەدەبێکی بێگانە کەئەدەبی فارسی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەنگاونانەیاندا روویانکردە ئەدەبێکی تری بێگانە کەئەدەبی فەرەنسی بوو، بەم پێیە لەباوەشی ئەدەبێکی بێگانە خۆیان دەربازکرد، بەڵام چوونەوە ناو باوەشی ئەدەبێکی تری بێگانە. ئەم رەفتارەش سیمای هەرە دیاری هەرسێ زووتنەوەی

(تنظیمات)ی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوو (ثروة فنون)ی سالانی دوای (١٨٩١)و (فجری ئاتی) ی دوای ثروت فنون بووە کەکاریگەر بوون بەئەدەبی فەرەنسی‌یەوە [١٤]

بەم پێیە ئەو سێ بزووتنەوەیەو شاعیرانی سەر بەو سێ بزووتنەوەیەی ئەدەبی تورکی کەکاریگەرییان لەسەر شاعیرانی کورد هەبووە، خۆیان لەبنەمای رەسەنایەتی‌و لەکەسێتی نەتەوایەتی دابڕی بوو. هەر لەم رووەوە (جب) دەڵێ ( تورکەکان روویان کردە ئەوروپاو بەو چەشنە مامەڵەیان لەگەڵ وشە فەرەنسی‌یەکاندا دەکرد کەپێشتر لەگەڵ عەرەبی‌و فارسیدا کردبوویان ) [١٥]

لەراستی‌دا شاعیرانی ئێمەش لەبیستەکانی سەدەی رابردووداو بەو هەنگاوی گۆڕانکاری یەی لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا تایان‌و لەرێبازی کلاسیکی دوورخستنە، تارادەیەکی زۆر بەو چەشنە مامەڵەیان لەگەڵ بنەما فکری‌و هونەری‌یەکانی شعری تورکی‌دا کرد کەپێشتر لەگەڵ عەرەبی‌و فارسیدا کردبویان، هەر بۆیە ئێمە ئەو هەنگاوەی شاعیرانی کورد بەهەنگاوێکی خودی بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردی دانانێین، بەڵکو بەهەنگاوێکی نێوان شیعری کلاسیکی‌و شیعری نوێی سەر بەبزووتنەوەکەی ناوزەند دەکەین، چونکە بەبۆچوونی ئێمە سیماو شەقڵی هەرە دیاری بزووتنەوە نوێکە لەخۆخستنە باوەشی ئەدەبی رەسەنی کوردی‌یەوە رەنگی رێژراو بەرجەستە بوو.

لێرەداو بۆ تیشک خستنە سەر ئەو راستی‌یانە، سەرنجێکی ورد ئاراستەی دوو تێڕوانینی (گۆران)ی شاعیر دەکەین.

(گۆران) دەربارەی ئەو هەنگاوی گۆڕانکاری‌یەی کەشاعیرانمان لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا نایان دەڵێ:(ئەم تازەکردنەوەیە بە(تقلید)کردنی ئەدەبی تورك روویدا، بەلام ئەدەبی تورکی جولانەوەیەکی تازەتری لێدەرکەوت کەتورکەکان لەرووی گیانێکی (قەومی)یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شعبی‌یەکانیان ئەژیانەوەو لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا.. کەئەمەش کێشی هیجایە.. ئیتر من تەنها بەکۆششی ئەوان نەوەستاوم‌و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا)[١٦] دەتوانرێ لەم تێڕوانیەی (گۆران)ەوە کۆمەڵێك راستی هەڵهێنجین کەتائێستا فەرامۆش کراون‌و بایەخیان پێنەدراوە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە(گۆران) جیادەبێیەوە لەو دەستە شاعیرەی کەلەگەڵیاندا دەیانڕوانیە یەك کلاورۆژنە کەئەدەبی تورکی بووە، ئەم هەنگاوی جیابوونەوەیەشی دەکرێ بەبزوێنراوی ئەدەبی تورکی دابنرێ نەك کەوتنە ژێر کاریگەری‌یەوە، چونکە ئەمیش لەرووی گیانێکی نەتەوەیی‌یەوە کێشی رەسەنی شیعری کوردی کەکێشی بڕگەیی‌یە ژیاندەوەو هەروەك خۆی دەڵێ:(لەدوو سەرچاوەوە بەدەست هێنران، فۆلکلۆری کوردی‌و شیعر هەورامی بەتایبەتی شیعرە رەنگینەکانی مەولەوی). [١٧]

دووەمیان : ئەوەیە کەبەم هەنگاوەی (گۆران) رەنگی بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردی رێژرا نەك بەهەنگاوی گۆڕانکاری‌یەکەی پێشتر، چونکە شەقڵ‌و سیمای تازەکردنەوەکەی ئەوان‌و بەو هەنگاوەیان وەك گۆران خۆی دیاری دەکات بریتی بوون لە:(یەکێتی بابەتیان هێنایە کایەوە،

تەرتیبی قافیەکان گۆڕان، مجزوئاتی بەحرە عەروزی‌یەکانیان وەرگرت ). [١٨] دیارە بەم سیماو شەقڵە هونەری‌یانەش بزووتنەوەکە بەرپا نەبوو چونکە بۆخۆیان گۆڕانکاریەك بوون کەپێشتر لەشیعری کوردی‌دا کرابوون، بەواتایەکی‌تر ئەگەر ئەو شەقڵ‌و سیمایانە بەتایبەتمەندی بزووتنەوەکە دابنرێن ئەوا دەبێ سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوە نوێ‌کەی شیعری کوردی بگەڕێنینەوە بۆ سالآنی پێش بیستەکانی سەدەی رابردوو چونکە سەرجەمی ئەو سیماو شەقڵانە لەبەرهەمی شاعیرانی پێش بیستەکاندا بەدی دەکرێ. یەکێتی بابەت لەبەرهەمە شیعریەکانی حاجی قادرو زێوەرو ناتق و عارف صائب و مەلاحەمدون‌و تەنانەت لەگەڵ دەقی شیعری کلاسیکی سەدەی نۆزەشدا بەدی هێنراوە، بەو چەمکەی کە (گۆران) مەبەستێتی. گۆڕینی تەرتیبی قافیەش دیاردەیەکی نوێ نەبووە چونکە لەشیعری کلاسیکیشدا سیستەمی بەرکارهێنانی قافیە هەر بەتەنها لەسنووری (غەزەل)و (قەسیدە)دا بەند نەبووە کەقافیەی یەکگرتوویان هەبووە بەڵکو لەبنیاتەکانی وەك مەسنەوی‌و موسەمەت‌و چوارین‌و تەرجیع بەندو تەرکیب بەند دا سیستەمی جۆراوجۆری قافیە بەرکارهێنراون، هەرچی سیستەمی (ا ب ، ب ا)و سیستەمی (سۆنێت)یش بوون، کەنوێبوون، بۆخۆیان جێگیر نەبوون‌و لەچەند دەقێکی شیعری‌دا نەبێ پەیڕەوی نەکران. هەرچی بەکارهێنانی مجزوئاتی بەحرە عەروزی‌یەکانیش بووە، ئەوا ئەمیشیان بەنوێکردنەوەیەکی ئەوتۆ کە بزووتنەوەیەکی شیعریی پێك بێنێ هیچ رۆڵێکی نەبینیوە، چونکە بنەماو شەقڵی سەرەکی لەبزووتنەوەکەدا بەکارهێنانی کێشی برگەیی بووە نەك عەروزی، ئەمە سەرباری ئەوەی کەشاعیرانی کلاسیکیشمان مجزوئاتی بەحرە عەروزییەکانیان بەکارهێناوە.

بۆچوون‌و تێڕوانینەکەی تری (گۆران) کەزیاتر ئەو راستی‌یانە ئاشکراو جێگیردەکەن، لەو نامەیەی‌دا بەدەست دەهێنرێ کەلەرۆژی (١٩٣٢/٤/٤) دا بۆ (پیرەمێرد)ی ناردووەو لەبەشێکیدا دەڵێ:(بەری ئەم عەشقە ئاگرینە چەن رۆڵەیەکە، هیچیان لەهیچیان ناچن‌و هەرەیکە خوێنێکی جیاوازیان بەلەشائەگەڕێ، بەعزێکیان دڵوپێك چی‌یە خوێنی کوردیان تیا نی‌یە، بەلآم کەم‌و زۆر جەرەیانێکی پەری‌پەتی لەناو دەماریانا هەیە، بەعزێکیان بەعەکسەوە.. لەم رۆژانەدا لەدەمی خۆرکەوتنا، لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا ئاخر بێچوومان هاتە دنیا، بەخوێن، بەکالآ، بەبالآ، لەبیچکەی کورد، لەرۆڵەی پەری ئەچوو.. بەتەمابووم شەهادەتنامەی جنسیەت، بۆ ئەم جگەر گۆشە عەزیزەم بەهەیئەتی ئیختیاری‌یەی (ولآتی خەیاڵ) تصدیق بکەم.. هەیهات! هەیئەتی ئیختیاری بەجلی بێگانەوە نەبێ پەری زادە ناناسنەوە.. وتیان؛ پۆیلانەی موتەنەبی و معری عەرەب، مجەوهەراتی حافزو سەعدی عەجەم، متوومووررووی نەفعی‌و باقی تورکی پێوە نی‌یە) [١٩]

لێرەدا بە روونی ئەو هەنگاوە نوێ‌یەی (گۆران)و بەخۆجیاکردنەوە لەشاعیرانی بیستەکان بەدی دەکرێ، کەبێگومان لەسەرتای سی‌یەکاندا بووەو لەرووی هەستێکی نەتەوایەتی‌یەوە بەرەو رەسەنایەتی چوون بووە، دیارە باش ئەوەشی زانیوە کەبەخۆداماڵین لەکاریگەری ئەدەبی بێگانە نەبێ ئەو رەسەنایەتی‌یە پێك نایەت، جا تا ئەو رەسەنایەتی‌یەش نەبووە بنەمای بەهەرمی شیعری شاعیرانی کورد لەو قۆوناغەدا، بزوتنەوە نوێ‌کەی شیعری کوردی سەری هەڵنەدا، بەڵکو

بەخۆدوورخستنەوە لەکاریگەری ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و چوونە باوەشی کەلەپووری شیعری رەسەنی کوردی‌یەوە ئینجا رەنگی رێژراو هەنگاوی پێ هەڵنرا.

باوەشێکیش لەو باوەشە رەسەنانەی کەئەدیبان‌و شاعیرانی رەنگ رێژکەری بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردی روویان تێکرد، جیهانە شیعری‌یەکەی (مەولەوی)بوو، بەتاوایەکی تر جیهانی شیعرییەکەی مەولەوی بووە ئەو زەمینە رەسەنی کەتۆوی داهێنانی شیعری بزووتنەوە نوێکەی لەسەر چەکەرە بوو.

دیارە راستی کاریگەری مەولەوی لەسەر رابەرانی بزووتنەوەکەو چەکەرە پێکردنی شیعری نوێی کوردی لەئاکامی ئەو کاریگەرییەی مەولەوی، ئەوە ناگەیەنێ کە (مەولەوی)و شیعرەکانی تا ئەو سەردەمە نەناسراوبوون، چونکە ئەو راستی‌یە دەزانین کە(مەولەوی) لەناو شاعیران‌و شیعر دۆستانی کرمانجی خواردوودا ناسراوبوو، بەتایبەتیش لای دوو شاعیری رەنگرێژکەری بزووتنەوە نوێکە کە (پیرەمێرد)و (گۆران) بوون.. بەڵام ئەو ناسینەی (مەولەوی) نەگەیشتبووە رادەی کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵکو کاریگەری (مەولەوی) لەسەریان ئاکامی خوێندنەوەیەکی تری هۆشمەندانەی (مەولەوی)بووەوە کەهەستە نەتەوەییەکەی بەرەو رووی بردنەوە.

سەرەتاش سەرنج ئاراستەی تەمەنە شیعری‌یەکەی (پیرەمێرد) دەکەین تا بتوانین زانستانە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەپرسێ: کەی کەوتۆتە ژێرکاریگەری مەولەوی‌یەوە؟

ئەوەی بۆمان روون بۆتەوە ئەوەیەو کە(پیرەمێرد) هەر لەمناڵیەوە (مەلەوی)دیوەو ناسیویەتی، بەڵام بەچەند هەنگاوێ بەرەو بەرهەمەکانی هەڵکشاوەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری‌یەوە.. لەم رووەوە (پیرەمێرد) دەڵێ (مناڵ بووم لەبیرمە جارێ (مەلەوی) هاتە ماڵی ئێمە، قاپوتێکی کورکی سەوزی لەبەردابوو، منیان خستە باوەشی‌یەوە، دەمی ماچ کردم‌و لەدەمی دەم ماچ کردندا چاوم بەچاوی کەوت بروسکەیەکی پڕ خەندەی لێ ئەبووەوە، ئەو چاوانە کەلەدواییدا کوێر بوون، چەند جوان‌و پڕ ماناو جازیبە دار بوون).[٢٠] دیارە ئەم یادگارەی (پیرەمێرد) لەگەڵ (مەولەوی)دا سەرەتای ناسینیەتی‌و چاکیش لەبیرماوە. بەڵام کەلەشیعرەکانی (مەولەی) نزیک بۆتەوە، ئەو کاتە بووە کەوەك خۆی دەڵێ:(کەپێگەیشتم‌و کەوتمە ناوەوە، شەیدای شیعرو ئاوازی خۆش بووم، خوا لێی خۆش بێ (عەزیز ئامینە) گۆیندەیەکی بێ هەمتابوو، شیعری مەولەوی ئەمەندە جوان ئەخوێندەوە گفتەی لەئاوازی خۆشترو ، ئاوازی لەگفتەی،.. بەهۆی گۆرانی عەزیز ئامینەوە خوم دایە مەولەوی).[٢١]

هەر ئەم رووکردنە (مەولەوی‌یە)و چێژوەرگرتن لەشیعرەکانی هەنگاوێکی‌تری بەدوادادێت‌و ئەمجارەیان وەك توێژەرێك ئاوڕ لە (مەولەوی)دەداتەوەو دەگاتە ئەو رادەیەی کە بڵێ:((هەتا لێی ورد ئەبوومەوە پڕ رۆحتر ئەبوو، تا گەییە پایەیەك لەرۆم‌و عەجەم‌و عەرەبدا بەمەعنا لەو بڵندترو بەمەعناترم نەدی).[٢٢] ئەم چەشنە بەرەو (مەولەوی) هەڵکشانەی (پیرەمێرد) بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەو ئەنجامەی بڵێ:(نازانم چ دەورێك بوو بەمنەوە نووسا بوو، هەر لەمناڵییەوە من دڵم

دابووە شیعری گۆرانیو دە نگی خۆشیشم لەبەر شیعر خۆش ئەویست، تا مەولەویم نەناسیبوو نالیم لەلا پێغەمبەری شیعری کوردی بوو.[٢٣]

بەم رەنگەو بەو پلەو پایەی کە(مەولەوی) لای پیرەمێرد گرتی دەرگای کاریگەری لەسەر پیرەمێرد بەوالآیی مایەوەو بووە ئاکامی ئەوەی کەگەلێ لەتاقیکردنەوە شیعرییەکانی پیرەمێرد بەهەوێنی شیعرەکانی مەولەوی بمەێنرێ.

دەربارەی (گۆران)ی شاعیریش، ئەوا ئەمیش بەچەند هەنگاوێ رووەو (مەولەوی) چووەو ئەگەر یەکەم هەنگاویشی لەم رووەوە وەك چێژ لێ وەرگرێك لەشیعرەکانی مەولەوی هەڵنرابێ، ئەوا دوا هەنگاوی ئەو هەنگاوە بووە کەوەك توێژەرێك لە(مەولەوی) روانیوەو لەئاکامی گەرانێکی وشیارانە بەدوای رەسەنایەتیدا رووەو (مەلەوی) چۆتەوەو جارێکیتر (مەلەوی) وەك داهێنەرێکی رەسەن دۆزیوەتەوە. ئەوەتا لەم رووەوە وتویەتی :(رۆشنبیرانی کوردیش دەستیان دایە چاوگێران بەشوێن کێشی تایبەتی نەتەوایەتی کورددا، ئەمانە بۆ گەیشتنی زوو بەئامانج، لەلایەکەوە فۆلکلۆرە رەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی لەلایەکی ترەوە کێشە دە برگەییەکەی هەڵبەستی گۆرانی بەهونەرە بەرزە جوانەکەی (مەولەوی)یەوە رێگای ئارەق رشتنی بۆ ئاسان کردوون..)[٢٤] بەم تێروانینە نوێیەی لە(مەولەوی)، (گۆران) بووە سەردەستەی ئەو شاعیرانەی کەسیمایەکی هەرە دیاری بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردییان رەخساند کەئەویش بەکارهێنانی کێشی برگەیی بووە وەك بنەمای بنیاتنانی ئاوازێکی نوێی شیعریی.

هەر ئەم دیاردەی بەرەو (مەلەوی)چوونەی شاعیرانمان و کەوتنە ژێر کاریگەرییەیەوە، لەتەمەنە شیعرییەکەی (دیلان)یشدا بەدی دەکرێو ئەمیش سە رەتا وەك چێژ لێ وەرگرێك مەولەوی خوێندۆتەوە بەلآم پاشتر بەتایبەتی دوای کردنەوەی رێرەوی ناسیونالیزمی لەبەردەمی تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا، وەك لێکۆڵەرو توێژەرێك لە(مەلەوی) روانیوەو لەئەنجامی ئەو تێروزانینەشی تێگەیشتنێکی تری بۆ مەولەوی لا دروست بووەو بەو چەشنە تێگەیشتنەشی دەیان هەوێنی شیعریی لەجیهانە شیعرییەکەی (مەلەوی)یەوە بەدەست هێنا، هەروەك لەبەشەکانی داهاتوودا روونی دەکەینەوە.

## بەشی دووەم:

### هۆکارەکانی هەڵکشان بەرەوە جیهانە شیعرییەکەی مەلەوی:

گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەی کەدەستەیەك لەشاعیرانی کرمانجی خوارووییان بەرەو جیهانە شیعرییەکەی مەولەوی بردو لەناو شاعیرانی دیالێکتی گۆراندا زیاتر مەولەوییان لای ئەو سێ شاعیرە کردە سەرچاوەی داهێنان‌و چەکەرەپێ کردنی تۆوی تاقیکردنەوەی نوێی شیعری؛ راستەوخۆ رووەو تاقیکردنەوەی شیعری هەریەکێ لەو شاعیرانەمان دەبات، تا زانستانە هۆی کاریگەربوونی هەریەکەیان بەمەولەوییەوە دیاری بکەین. سەرەتاش روو لە(پیرەمێرد) دەکەین‌و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگرێت کەدەپرسن: بۆچی مەولەوی لای پیرەمێرد بووە پێغەمبەری شیعر؟، ئەو نهێنییە فکری‌و هونەرییانە چی بوون کەپیرەمێرد لەجیهانە شیعرییەکەی مەولەوی هەڵیهێنجان‌و پەی پێ بردن؟.

پێش ئەوەی ئاوڕ لەهەندێ بۆچوون‌و رای (پیرەمێرد) خۆی بدەینەوە، سەرنجێك لەو تێڕوانینەی گۆران دەدەینەوە کەدەربارەی پەیوەندی نێوان پیرەمێردو مەولەوی خستویەتییە روو و دەڵێ:(کەپیرەمێرد لەئەستەموڵ بوو زیاتر شیعری مەولاناو مەولەوی تەرجەمە ئەکردو بڵاوی ئەکردەوە.. شیعری پیرەمێرد فۆلکلۆری کوردی، هەڵبەستی شێوەی گۆرانی تەئسیری تێکرد).[٢٥] بەرای ئێمە ئەم چەشنە نزیك بوونەوەیەی (پیرەمێرد) لە(مەولەوی) کە(گۆران) هێمای بۆدەکات، بەتایبەتی لەساڵانی ژیانی ئەستەمبوڵیدا نەگەیشتبووە ئەو رادەیەی کەمەولەوی لای پیرەمێرد ببێتە رابەرێکی رەسەنایەتی بۆی لەبواری تاقیکردنەوەی نوێی شیعری دا، بەڵکو ئەو رۆڵی رابەری کردنەی مەولەوی بۆ پیرەمێرد دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دەکرێ ئەم راستییەش لەتێڕوانینەکانی پیرەمێرد خۆیەوە بەدەست بهێنین.

لەنوسینێکی رۆژنامەی (ژیان) ی دا پیرەمێرد دەڵێ :(هەرساتێ کەوا دەرودەشت گوڵ‌و گیا ئەرازێتەوەو بەبای شەماڵ، ئەشنێتەوە، دڵی منیش سەوز ئەبێتەوەو وەك ئەوان ئەلەرێتەوە.. یادی چەند رۆژێکی دامانی سەوزی بەهاری زنجیرەی پیرەمەگروون‌و سەرچاوەی تایین، کزەیەك ئەخاتە جەرگەوە! دەك خاکە هەر ئاوابی، بەیانیان لەژێر ئەو خێوەتە سپیەو رەشماڵە رەشەی کەلەحاجی ئاوا لەناو گوڵی زەردو سوورو شین‌و مۆردا هەڵدرابوو بە قەتاری رەشۆڵ‌و رۆحی مەولەوی کەدەڵێ؛ بەهارەن سەوزەی ئاوەن پای کاوەن)[٢٦]

ئەم چەشنە ئاوڕدانەوەیە لەسروشت‌و لەمەولەوی پێکەوە ئاوێتەکردنیان پێکەوەو ئەو پرسیارەمان دەخەنە بەردەم کەدەپرسێ، ئەم شەیدابوونەی (پیرەمێرد) بەسروشت‌و شیعرەکانی مەولەوییەوە بەیەکەوە ، لەکوێوە سەرچاوەی گرتووەو بۆچی سروشت‌و مەولەوی پێکەوە گرێدراون؟

دەشێ لێرەدا ئەو وەڵامە ئامادەکراوە بخرێتە بەردەستمان کەدەڵێ: لەبەرئەوە بووە کەمەولەوی دیارترین شاعیری سروشت بووە، دیارە ئەم وەڵامە راستە بەڵام هەموو راستییەکان ناخاتە بەردەست، بۆیە بۆ گەیشتن بەوەڵامێکی زانستانەو کاملتر، سەرەتا روو لەو تێروانینەی (پیرەمێرد) خۆی دەکەین کەتیادا دەڵێ: (دوا شاعیری مەشهوری فرانسە(پیەرلۆتی) کەتا حەربی عمومیش مابوو دۆستی تورك بوو زۆر لەسەر تورکی کردەوە، سیاحەتێکی ئەصفەهانی هەیە، گوزەرانی خەیمە نشینیو صەحرا نەوەردی پەسەند ئەکا، لەئەستەمبوڵ، کەیەکتریمان ئەدی زیاتر لەخۆشیو صەفاو سەربەستیو ئازادی رەشماڵ نیشنی عەشائر ئەدواین. من زەوقو لەزەتی گەرمیانو کوێستانی بەگزادەی جافیم بۆ ئەو ئەگێڕایەوەو ئەویش ئەو عەشائری خەیمە نشینەی ئێرانی ئەهێنایە پێش چاو... باوەڕم پێ بکەن من گرفتارو خریداری قودرەتی ئەدەبیەو پایەی بڵندو باڵای شاعری پییەرلۆتی بووم، زۆرتر لەبەر ئەم فکرەی بەدەویەتە بوو..)[27]. لێرەدا دیارە کەئەم چەشنە شەیدا بوونەی پیرەمێرد بەسروشتەوە بەگشتیو بەدڵگیری سروشتی کوردستانەوە بەتایبەتی، کەهاوسۆزی کردووە لەگەڵ (پیەرلۆتی)دا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ژیانی لەئەستەمبوڵ، دیاریشە دوورە وڵاتیو خۆشەویستی بۆ کوردستان رۆڵی کاریگەری هەبووە لەو شەیدابوونەیدا بەسروشتو تەنانەت بەئاوڕدانەوە لە(مەولەوی)و وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ زمانی تورکی، بەڵام هێشتا هەر لەو ساڵانەدا (مەولەوی) لای (پیرەمێرد) نەبوو بووە رابەری رەسەنایەتیو نەبوو بووە پێغەمبەری شیعر، بەڵکو کاتێ گەڕاوەتەوە کوردستانو زیرەکانەو وشیارانە جوانی سروشتی کوردستانی کردە هاوکێشەی خۆشەویستی کوردستان ئەوا ئەو کاتە (مەولەوی)و شیعرە سروشتییەکانی باشترین هەوێن بوون لەبەردەستیدا تا ئەو تاقیکردنەوە شیعرییانەی پێ بمەیێنێ کەلەو بوارەداو بەمەبەستی پرژاندنی تۆوی خۆشەویستی کوردستان بەسەر دڵو دەروونی کوڕو کاڵانی کورددا بڵاوی دەکردنەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە(مەولەوی) لای (پیرەمێرد) ببێتە پێغەمبەری شیعر.

هەموو ئەو راستیانە زیاتر لەم بۆچوونەی تری (پیرەمێرد) خۆیدا ئاشکرا دەبن کەدەڵێ: (ئەمرۆ پێشەوایانی شیعرو ئەدەب بەمادیات ئەو تەلیسمی خەیاڵاتانەیان شکاند، فەرەنسە تەرجیحی (ئەمیل زولا)ی بەسەر (ئەلەکسەندەر دۆماسدادا.. مەقصەدم لەم درێژەیە (مەولەوی)یە کەشۆرشو جنبشی مەیو مەعشوقو زولفو ئەبرۆی دەهەزار ملیۆن جار بستراوی گۆڕیوە بەروحو مەعناو ناڵەو سۆزو خستوویەتییە فەرموودەکانی خۆیەوە.. بەڵێ ئەمیش زۆرجار خەیاڵبازی کردووە، بەڵام موبالەغاتی وای نەهێناوەتە کایەوەو وردەکاییەکەی روح ئەلاوێنێتەوە..)[28].

هەر لێرەدا بەپێویستی دەزانین کەئاوڕ لەتێروانینێکی (گۆران)یش بدەینەوە کەدەربارەی (پیرەمێرد)ە تالەلایەك بیکەینە بەڵگەی راستی بۆچوونەکانمان دەربارەی پیرەمێردو لەلایەکی ترەوە بەهۆیەوە ئاوڕ لە خودی (گۆران) خۆی دەدەینەوەو وەك سەرەتا وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ دەدەینەوە کەبۆچی گۆران کەوتۆتە ژێر کاریگەری (مەولەوی)یەوە؟..

لەچلەی (پیرەمێرد)دا (گۆران) دەڵێ: (مامۆستا پیرەمێرد: قەڵەم بەدەستی سێیەم، پیری گەورەی ئەدەبو تەسەوف مەولەوی بوو، مەولەوی ئەو شاعیرە بەرزو نەمرەیە کەهەموو بەیتێکی دیوانەکەی کچە کوردێکی شۆخو نازدارە بەبەرگو پۆیلانەی خۆماڵی تەواوەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کەلاکەوتووی باو ون کردووی زمانەکەمان.. تۆ لەگەڵ ئەوەی بەسروشت بۆ بابەتی حاجی خوڵقا بووی، بەخۆشنوودیو شادمانی‌یەوە قەڵەمی دەستی مەولەویت هەڵبژارد.. بەڵام لەئەدەبی بەرزا لەشیعری راستەقینەدا بەڕاستی زۆر بەشیاوی ناوی خۆت نا روحی مەولەوی.. قەڵەمە پاراوەکەی مەولەوی هەرچەند لەدەستی تۆدا پیتێکی تازە بابەتی نیشتمانی خستەسەر خەرمانی بەر بەڵام بەتێکڕایی جێگای چەکی نەبەردو خەباتی نەئەگرتەوە، چەشنە سازێکی خۆش ئاواز بوو بەدەنگێکی نەرمو شیرین بانگی ئەکردە گەل بۆ چاوکردنەوە نەك بۆ راپەڕین، بۆ هوشیار بوونەوە لەڕێگای بینینو چەشتنی بابەتی جوانەوە، نەك بۆ هەڵسانە سەرپێ بەدەم نرکەی تێ خورینەوە.. شیعری بابەتی جوانی، شیعری بیرو لێکدانەوەی وردو رەنگین، سنووری ماوەو سەردەمی بەرەڵایە لەهەموو کاتێکدا لەناو هەموو باوەڕێکا پەسەندکەر بۆخۆی ئەدۆزێتەوە.. گیانی مەولەویت بەشێوەی سولەیمانی ژیاندەوە کەبەمە لەهەمان کاتا گیانێکی تازەو نەمرت کردبەبەر ئەم شێوەیەدا، رێگات کردەوە بۆ تینوەکانی شعرو ئەدەبی ئەم شێوەیە کەدەم بنێن بەسەرچاوەی شیعری هەرە روونو هەرە پاکی بەڵکو هەموو خاکی کوردستانەوە)[٢٩].

بەکەمێ وردبوونەوە لەو تێڕوانینانەی (گۆران)، ئەو راستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێ کە(گۆران) خۆشی وشیارانە دەستی برد بۆ قەڵەمەکەی (مەولەوی)و تینوێتی رەسەنایەتی بەشیعرەکانی (مەولەوی) شکاند کەبەلایەوە سەرچاوەیەکیهەرە روونو پاکی هەموو خاکی کوردستان بووە.

لەو قۆناغەدا کەپەری شیعر رۆڵەیەکی شیعریی بەخوێنو بەکاڵاو بەباڵا کوردی بە(گۆران) بەخشیو رەنگی رێبازە نوێکەی شیعری کوردی رشت، (مەولەوی) کردبووە رابەرو شیعرەکانی مەولەوی بوونە ئەو سەرچاوە پاراوو رەسەنەی کەلەدامێنیدا شەتڵی شیعری جوانی لێ دەدا، ئەو شیعرەی کەبەلایەوە سنووری ماوەو سەردەمی بەرەڵایە، ئەو شیعرەی کەبەچەشنە سازێکی خۆش ئاوازو بەدەنگێکی نەرمو شیرین بانگی ئەکردە گەل بۆ چاوکردنەوەو وشیاربوونەوە لەڕێگای بینینو چەشتنی بابەتی جوانەوە.

لەنووسینێکی تری (گۆران) خۆیدا کەباس لەشیعری موناسەبەت دەکات لای (مەولەوی)، دەربارەی شیعرێکی (مەولەوی) دەڵێ: (بڕوانن نیگار خانەی خەیاڵی مەولەوی بەچ وردە هونەرێکی شیرینو دڵگیر ئەم پارچە بلوری‌یە ئەرازێنێتەوە.. مەولەوی بەیەك دوو سەرە تەشوێی هونەر بەژنو باڵایەکی بۆ دێوانەی هاوڕێی تاشیوە کەئەمەندە شاعیرانەو روونـاكو دیاری‌یە نەدێوانە هەرگیز بەئێسقانە رەقو تەقەکەی خۆیەوە دیوە نەئێمەش لەپێش خوێندنەوەی مەولەوی‌یەوە بەقامیشی ئاڵایی سەرگۆڕستانو قسنەکانەوە هەستمان پێ کردبوو..)[٣٠].

هەر ئەو چەشنە پەی بردنەی (گۆران) بەنهێنی‌یە هونەری‌یەکانی نیگار خانەی خەیاڵی (مەولەوی)، بووە هۆی ئەوەی کەئەمیش زیرەکانە لەنیگار خانەی خەیاڵی خۆیەوە سەدان نیگاری

بێ هاوتا بەسەرە تەشوێی هونەر بتاشێ، کەیەکێك لەو نیگارانەی بەبۆچوونی ئێمە نیگاری (دەروێش عەبدوڵڵا) کەیەتی، بەچەشنێکیش کەئەوانەی (دەروێش عەبدوڵڵا) شیان دیوە، پێش خوێندنەوەی شیعرەکەی (گۆران) هەستیان پێ نەکردووە، نەبەخۆیو نەبەناڵەی بەسۆزی شمشاڵەکەی سەرلێوی؛ ئەمە سەرباری ئەوەی کەوردەکاری‌یەکانی (مەولەوی) لەبابەتی سروشتدا، هەرزوو سەرنجی گۆرانیان راکێشاوەو ئەو هەوێنە هونەری‌یەی لێ وەرگرتن کەنەك هەر جوانیەکانی پێ دەمەیاند بەڵکو ئیحساسی بەو جوانیانە پێ دەچۆڕاندە ناو دەروونی خوێنەرو گوێگرەوە.. لێرەدا وتەیەکی (ئۆسکار وایلد)مان دێتەوە یاد کەدەڵێ: (سروشت ئەو دایکە مەزنە نی‌یە کەئێمەی گۆش کردووە، بەڵکو دروست کراوی ئێمەیە، مرۆڤ هەموو شتێ نابینێ مەگەر توخمی جوانی لەوشتەدا ببینێ، هەر لەو کاتەشدا ئەو شتە بوونی دەبێ، خەڵکی ئێستا تەم دەبینن، نەك لەبەرئەوەی تەم هەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی شاعرەکانو رەسامەکان ئەو جوانیەیان پیشانداندو هەر بەو هۆیەشەوە کاریان تێدەکەن، دەشێ تەم لەلەندەندا هەر هەبووبێ، بەڵام کەس نەیبینیوەو هەستی پێ نەکردووە لەبەرئەوە هیچ دەربارەی نەزانراوەو نەوتراوە هیچ بوونێکی نەبووە تاهونەر هاتو دایهێنا)[٣١]. جا(مەولەوی)یش بۆ (گۆران)و شاعیرانی تریش بووە ئەو رابەرەی کەفێری کردن چۆن جوانیەکانی سروشت بدۆزنەوەو بوونی بدەنێ.

کاتێ روو لە(دیلان)یش دەکەینو دەگەڕێین بەدوای ئەو هۆکارانەی کەبەرەو باوەشی شیعرەکانی (مەولەوی)یان برد، سەرەتا هەمان رێڕەوی بەرەو مەولەوی هەڵکشان لای ئەمیش بەدی دەکەین، هەروەك چۆن لەتەمەنە شیعریەکەی (پیرەمێرد)و (گۆران)یشدا بەدیمان کرد. دیارە (دیلان)یش سەرەتا وەك هەر خوێنەرێکی‌تر چێژی لەشیعرەکانی (مەولەوی) وەرگرتووە، بەڵام دواترو کاتێ وەك لێکۆڵەرو توێژەر شۆڕدەبێەوە ناو جیهانە شیعری‌یەکەی (مەولەوی)، دەتوانێ پەی بەکۆمەڵێ نهێنی هونەری ببات‌و لەو جیهانە دەوڵەمەندەی (مەولەوی)یەوە دەیان تۆوی تاقیکردنەوەی شیعری بەدەست بهێنێو تەمەنە شیعری‌یەکەی پێ باڵاتر بکات.

لەوتارێکی ساڵی (١٩٥٧)ی‌دا (دیلان) رای وابووە کە: (ئەگەر بمانەوێ لەسەر مەولەوی بنووسین یانی کتێبێکی لەسەر بنووسینو ناوی بنێین(عرض وتحلیل ونقد) لەشیعرەکانی مەولەوی، پێویستمان بەچەند (مجلد)ێك هەیە نەك بەدووسێ لاپەڕە..)[٣٢]. لەگەڵ ئەم بۆچوونەشیدا، هەوڵی ئەوە هەر دەدات کەوەك لێکۆڵەرێك (مەولەوی) بخوێنێتەوەو هەندێ لایەن لەجیهانە شیعری‌یەکەی، بەپێی تێگەیشتنی خۆی، رۆشن بکاتەوە، لەم هەوڵەشیدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەبڵێ: (گەورەیی مەولەوی لەدوو شتدا دەردەکەوێ، یەکەم: دەرخستنی جوانیەکانی مەڵبەندو شاخو دەشت‌و چواروەرزی ئەم کوردستانە، دووەم: بەراورد کردنی جوانیەکانی وڵات لەبەهاردا لەگەڵ ئازارو دەردەسەری‌و ئێش‌و ژانو بێ چارەیی مرۆڤ لەم وڵاتەدا)[٣٣]. بۆ دەرخستنی راستی ئەو دوو ئەنجامەش، (دیلان) سێ بەیتی مەولەوی شی دەکاتەوەو بەشێوەیەك راڤەیان دەکات کەزیاتر مەودا لەبەردەم خەمو ئازاری بەرجەستەکراوی ناو بەیتەکان بکاتەوەو فراوانتریان بکات‌و لەبازنەی کەسی‌و خودی دەریانبێنێو بەرەو خەمو ئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤانەو

نەتەوییانەو چینایەتی‌یان بەرێت، هەر بۆیە دەربارەی بەیتی یەکەمی شیعرەکەی مەولەوی کەدەڵێ:

وەهـارەن سەیـرەن سەوزەی دیاران
نم کەوت نەدیدەش چون شەو بێداران

دیلان دەپرسێو دەڵێ: (کام شەو بێدار؟ شەو بێداری ئازاری دڵ، ئازاری چەوساندنەوە، شەو بێداری دەردو مەینەتی، شەو بێداری بەئاوات نەگەیشتن؟.. لێرەدا بەلای کەمەوە سێ (سبب) دێتە بەردەستمان کەبۆچی شەو بێدارە؟ یەکەمیان ناحیەی ئینسانی، کەچەوساندنەوەیە، دووەمیان ناحیەی طبقی کەدەردومەینەتی‌یە، سێیەمیان ئیجتماعی‌یە کەبەئاوات نەگەیشتنە، ئەمە بێجگە لەعاملی ترس لەخواو وجدانیەت)[٣٤].

بەم چەشنە تێگەیشتنەی لەمەولەوی‌و پەی بردنی بەوێنەی ئاوێتەکراوی نێوان سروشت‌و نێوان ئازارو خەمی مرۆڤ لای (مەولەوی)، (دیلان) رووی لەجیهانە شیعری‌یەکەی مەولەوی کردەوەو توانی هەوێنی شیعریی ئەوتۆی لێ بەدەست بهێنێ کەتاقیکردنەوە شیعری‌یەکانی دەوڵەمەندتر بکەن، بەم رەنگە (مەولەوی) بۆ (دیلان)یش بووە رابەرێکی شیعریی دیارو هۆشمەندانەش ئەو رابەری‌یەی (مەولەوی) بۆخۆی بەدەست هێنا، چونکە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە(مەولەوی): (نیگار کێشە، وێنەگرە، لەوەتەی زمانی شیرین ئەوترێ، شیعر ئەوترێ، نووسین ئەوترێ، قەڵەمێك لەبۆتەی خەیاڵی چاك چاوکراوەی باش سەرنج گرتن‌و رێك‌و پێك چوون‌و هەست‌و دەرخستنی جوانی سروشتی ئەم وڵاتە نەبووە، کەسێك وەکو مەولەوی دڵ راکێشەر بێ، گیان راکێشەر بێ، هەست راکێشەربێ)[٣٥].

لێرەداو پێش کۆتایی هێنان بەم بەشە، دەبێ سەرنج بۆ ئەوەش رابکێشین کەهەروەك چۆن (پیرەمێرد)و (گۆران)و (دیلان) بەپێی چۆنیەتی چێژ لێ وەرگرتن لەمەولەوی‌و تێگەیشتن لەمەولەوی، هەوێنی فکری‌و هونەری‌یان لێ وەرگرتووە، هەر بەوچەشنەش دەشێ هەندێ هەوێنی جیهانە شیعری‌یەکەی (مەولەوی) بۆ هەرسێکیان هەریەك هەوێنی شیعری بووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان بەڕادەی تواناو دەسەڵاتی هونەری‌یان سوودیان لێ بینیوەو بەشێوەی جیاواز تاقیکردنەوە شیعری‌یەکانیان پێ دەوڵەمەند کردووە، هەروەك لەبەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەدا بۆمان دەردەکەوێ.

## بەشی سێیەم:

### چۆنیەتی دەنگدانەوەی مەولەوی لەدەقە شیعرییەکانی پیرەمێردو گۆران و دیلاندا:

لەچەند بەرهەمێکی ئەدەبی و رەخنەیی نووسەرانماندا، بەتایبەتی ئەو نووسینانەی کەدەربارەی کاریگەری مەولەوی بوون لەسەر شاعیرانی کورد، هەندێ لەو بەیتانەی پیرەمێردو گۆران و تارادەیەکیش دیلانیان تیا دیاری کراوە کەکاریگەری (مەولەوی)یان پێوە دەبینرێ.[٣٦]. یەکێ لەو نووسەرانەی کەبەشێوەیەکی ورد دەستنیشانی هەند لەو بەیت و دەقە شیعرییانەی پیرەمێردو گۆرانی کردووە کەکاریگەری مەولەوییان پێوە دەبینرێ، (ئەنوەر قادر محمد)ە، کەدەربارەی (پیرەمێرد) دەڵێ: (پیرەمێرد لەگەڵ هەندێ لەم شتانەشیدا کەلەگیانی زانستەوە دوورن، توانیویەتی زمانی ئەدەبی کرمانجی خواروو نەك هەر بەزاراوەو وشەی ناسك و ناوازەی دیالێکتی گۆرانی دەوڵەمەند بکات بەڵکوکۆمەڵێ کەرەسەو تفاقی هونەریی ئەو ئەدەبەی هێناوەتە زمانی تازەی ئەدەبی کوردییەوەو بانگەشەکەرێکی چالاکی ئەدەبی گۆرانیی و بڵاوکەرەوەشی بووە..)[٣٧]. جائەوەی لێرەدا ئێمە بەگرنگی دەزانین ئەو (کەرەسەو تفاقە)یە کەپیرەمێردو شاعیرانی تر (لەمەولەوی)یەوە وەریان گرتووەو نە(ئەنوەر قادر محمد)و نەنووسەرانی تریشمان بایەخیان پێ نەداوە، بۆیە ئێمە لێرەدا روو لەو بەیت و دەقە شیعرییانەی پیرەمێردو گۆران و دیلان دەکەین کەبەکەرەسە فکری و هونەرییەکانی (مەولەوی)بنیات نراون، بەتایبەتی ئەو بەیت و دەقە شیعرییانەیان کەتائێستا نووسەرانمان پەیان پێ نەبردوون. بۆ بەدی هێنانی ئەو مەبەستەش، روو لە(وێنەی شیعری) دەقەکانیان دەکەین، چونکە بەلای ئێمەوە کەرەسەی هەرە دیاری ئەو دیاردەی کاریگەرییەی مەلەوی بووە لەسەر ئەوسێ شاعیرەی کرمانجی خواروومان و بەئاوڕدانەوە لێیان دەتوانرێ ئەو وشەو دەربڕینە شیعرییانەش دیاری بکەین کەلەفەرهەنگە شیعرییەکەی (مەولەوی)یەوە بەدەستیان هێناون و زەخیرەی زمانە شیعرییەکەی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کردووە؛ ئەمە سەرباری ئەوەی کەبەم چەشنە ئاوڕدانەوەیە لەوێنەی شیعری دەقەکانیان دەتوانرێ پەردە لەسەر کەرەسە بیرییەکانی ناو دەقەکانیش هەڵبدرێتەوە، بەو پێیەی وێنەی شیعری بۆ خۆی تەوەری تاقیکردنەوەی شیعرییەو سەرجەمی رەگەزە فکری و هونەرییەکانی شیعریی لەدەور دەسوڕێنەوە، لەلایەك زمانی ئەو سۆزەیە کەتاقیکردنەوەکە دەیوروژێنێ، لەلایەکی ترەوە رەنگ رێژکراوی ئەو ئەندێشەیەیە کەبیرو سۆزی تاقیکردنەوەکە لەگەڵ بنەمای ئاوازەییدا ئاوێتەدەکات.

بەم چەشنە تێڕوانینەشمان سەرەتا لەو راستییەوە هەنگاو هەڵدەنێین کەبەلامانەوە سیمای هەرە دیاری کاریگەری مەولەوی لەسەر پیرەمێردو گۆران و دیلان ئەوەبووە کەنیگارخانەی خەیاڵی

شیعری‌یانی بەڕادەیەك نوێ كردەوە كەوێنەی ڕەسەنی تام و چێژ بەخشی كوردانەی لێ بەرهەم بهێنرێ و (گۆران)واتەنی (مەزاجی كوردانەی) پێ زاخاو بدرێ.

لەكاتێكدا كەزۆربەی وێنەی شیعریی ڕێبازە كلاسیكی‌یەكە لەبازنەی وێنەی ڕەوانبێژی‌دا دەسوڕانەوەو زیاتر تواناو دەسەڵاتی هونەری شاعیریان پێ دەردەخرا،[٣٨] وەك لەوەی هەست و سۆزو ئیحساس بەدیاردە سروشتی‌یەكان و بەبارە خودی‌یەكان داباریننەسەر خوێنەرو گوێگر، دەبینین لای مەولەوی سروشت و دیاردەكانی سروشت ئاوێتەی هەست و سۆزی دەبن و دەرگای ئەندێشەی داهێنەرانەی بۆ واڵا دەكەن تاوێنەی شیعریی ئەوتۆ بنیات بنێ و تاقیكردنەوە شیعری‌یەكانی بەوێنەی وابچنێ كەهێمنانەو جوانكاریانە سۆزە وروژاوەكەی دەروونی داچۆڕێنێتە ناو دەقە شیعری‌یەكانیەوە، هەربۆیە لەم ڕووەوە (د. عزالدین مصطفى رسول)یش دەڵێ: (بەڵام مەولەوی تەشبیهی سروشتەكەی شتێكی ترەو زۆر لەوێنەی كلاسیكی‌یەوە دوورە، مەولەوی وەك هونەرمەندێكی بەتوانا وێنەی سروشتەكەی دیوەو باش چاوی تێ بڕیوەو چاوو گوێ و هۆشی بەهەموو لایەكی جوانی ئەو سروشتە پڕ بووە)[٣٩].

هەر لێرەوە كاتێ ئاوڕ لە(پیرەمێرد) دەدەینەوە، دەبینین، هێشتا هەر لەئەستەمبوڵ بووە كەبەوێنە شیعری‌یەكانی (مەولەوی) زاخاوی خەیاڵخانەی شیعریی خۆی داوەتەوە، بۆیە سەرەتا هەوڵی داوە شیعرەكانی(مەولەوی) وەرگێڕێتەسەر زمانی توركی، بەڵام وەك خۆی دەڵێ: (ئەو گیانە بڵندە لەو گۆڕە تەنگەدا نەدەگونجاو دانەدەمركا، ئەو ئارەزووەم هەر لەدڵدا مایەوە تاهاتمەوە)[٤٠]، جا كەهاتەوە كوردستان، بەوەرگرتنی ڕاستەوخۆی وێنە شیعری‌یەكانی (مەولەوی) بووبێ یان بەسوود وەرگرتن بووبێ لەكەرەسە بیری و هونەری‌یەكانی مەولەوی، تاقیكردنەوە شیعری‌یەكانی خۆی دەوڵەمەندكرد، وەك ئەم وێنانەی كەلە(مەولەوی)یەوە خواستراون یان ناڕاستەوخۆ لەژێر كاریگەری وێنەكانی مەولەوی‌دا بنیات نراون، (مەولەوی)دەڵێ:

تای بەرەزای شەنگ نەسای موغاران
شێونا چون زوڵف تەعزی‌یە داران[٤١]

ئەم چەشنە ئاوێتە كردنەی سروشت و ئافرەت بەو بارەیدا كەسروشتی پێ بەرجەستە بكرێ نەك بۆ خۆی وێنەیەكی داهێنراو بوون بەلای (پیرەمێرد)ەوە، بۆیە ئەمیش ڕاستەوخۆ وەری دەگرێ و شێواوی سروشتی پێ بەرجەستە دەكات، ئەو شێواوی‌یەی كەدەروونی گڕدەداو نائارامی دەكات:

گرەی بەردایە سەوزەی بەهاران
شێوا وەك زوڵفی چەمەرەداران[٤٢]

هەر لەم رووەوە چەپکێ وێنەی شیعریی تری (مەولەوی) کەهونەرمەندانە پەژارەی دەروونیان بەرجەستە کردووەو وێنەی لەو چەشنە بەدەگمەن لەشیعری کلاسیکیدا دەبینرێن، بۆ (پیرەمێرد) دەبنە ئەو هەوێنە بێ هاوتایەی کەتاسەو کەفوکوڵی دەروونی ورووژاوی بەرجەستە بکەن‌و خوێنەرو گوێگریشیان پێ بهەژێنرێ:

مەولەوی دەڵێ:

بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان
زام ناسۆر کەفتەی دەروون پرزامان[٤٣]

پیرەمێردیش دەڵێ:

بادەی خەم خوورەی مەرگ ناکامان
برینی ناسۆر جەرگی پڕ زامان[٤٤]

کاتێکیش (پیرەمێرد) دەگاتە ئەو ساڵانەی کەپیری تەمەنی لوول دەدات‌و بەخێرایی دەیپێچێتەوە، مەولەوی‌و وێنەی شیعریەکانی بەهانایەوە دێن‌و خەم‌و پەژارەی ئەوساتانەیان پێ دەردەبرێ، هەروەك لەدەقی (یادی مەولەوی)یەکەیدا هەستی پێ دەکەین‌و تیایدا دەڵێ:

مەولەیم دی بوو ئەوساکەمابوو
لەتافی پیری ئێستای منابوو
ئەم چەند شێعرانەی بۆ بەجێ هێشتووم
ئەیکەم بەتاسەی عومری رابووردوم
------- ---- -------
ئاخر بەهاری نەو جوانیمە
ئەوەڵ پایزی زیندەگانیمە
هەناسەم وەك بای گەڵاریزانە
تەم‌و دووی دەروون گەڵاریزانە[٤٥]

سەرچاوەی وێنەکانی ئەودەقە شعرییەی (پیرەمێرد) وکەرەسە فکری وهونەرییەکانی، ئەم بەریتانەی (مەولەوی)ن کە تیایاندا دەڵێ:

ئاخر رۆی وەهار نەوجەوانیـــمەن
ئەوەڵ رۆی پایـــز زیندەگانیمەن
هەناسەم چون بای خەزان مــەخیزۆ
بەی پەی بەرگ شاخ شادییم مەرێزۆ(٤٦)

هەر لەم بەیتەی (مەولەوی)یشەوە کەتیادا دەڵێ

تۆپەی نیشتمان، من پەی سەودای تۆ
هەردوو بنالین وەگـــــریەو رۆرۆ(٤٧)

(پیرەمێرد) ئیلهامی دوابەیتی (تاق تاق کەرە)کەی لێوەردەگرێ‌و ئەمیش دەڵێ:

وەرە هەردوکمان نالەمان یەك خەین
بەڵکو بەم عەشقە نیشتمان سەرخەین(٤٨)

هەرچی (گۆران)یشە، ئەوا ئەمیش زیرەکانە لە(گەشتی قەرەداغ)و (بۆهیوای کورم)و (شیوەنی گوڵاڵە)ەکەیدا هەوێنی شیعریی لە(مەولەوی)یەوە وەرگرتووە، ئێمە لێرەدا بەپێویستی نازانین سەرنجیان ئاراستە بکەینەوە،(٤٩) بەڵکو روو لەچەند دەقێکی تری (گۆران) دەکەین کەبەلای ئێمەوە وێنەکانناین لەجیهانەش شیعرییەکەی (مەولەوی)یەوە بەدەستهێنراون.

دەقــێ لەودەقــە شـیعریانەش (دەرویـش عــەبدڵڵا)کەیــەتی، لــەم شــیعرەی‌دا،(گــۆران)روو لەدەروشێکی شمشاڵ ژەنی ناوچەی هەورامان دەکات تا بەئاوازی شمشاڵەکەی خەمەکانی بدوێنێ‌و دەروونی بهەژێنێ‌و ئارامی بچوڕێنێتە ناو گیانە پەشێوو پڕ پەژارەکەیەوەو دەڵێ:

ئەوەندەم بیست لەمۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە
میزاجی کوردەورایم تێکچووە دەروێش عەبدوڵڵا
دەخلیت بم دەسا بەو لاوكو ئای‌ئای‌و حەیـــرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات‌و چۆڵم کە
لەبیتهۆفن گەلێ زیاتر بەرۆحم ئاشـــنای وەڵڵا
دە ئەی دەورێ ش سکاڵەیەك لەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە(٥٠).

هــەرکاتێ (مەولــەوی)یــش خــەم‌و پــەژارەکانی دەروونــی دەهــەژێن‌و پــەردەی مــەلوولی دەکێشرێ‌بەسـەر گیـانی‌دا، روو لــە دەروێشـێك دەکـات‌و داوای لێدەکـات بەدەفەکـەی دەسـتی‌و

شمشاڵەکەی سەر دەستوپەنجەی روحی کلۆڵو پڕ گڕی بدوێنیو نەشئەی فێنک بەسەریدا ببێنێ، هەر بۆیە، بەبۆچوونی ئێمە ئیلهامی (دەروێش عەبدوڵڵا)کەی (گۆران) لەم بەیتانەی (مەولەوی)یەوە وەرگیراوە.

دەروێش ئەهل خەم هەر پەندجەم مەبۆ
پای کاو دەروون هەر پەند تەم مەبۆ
پەند تۆز مەینەت جەدڵ جاکەردەن
بینایی خەیاڵ باڵاش گوم کەردەن
سادەی سەرپەنجەت پەی دەق بەرەوە
رووی یاد باڵاش مەخەڵ دەرەوە[٥١]

یان دەڵێ:

دەف ئاسابەو سۆز ناڵەو صەداوە
روو ئەو یاران بۆ وپشت ئەو دماوە
دەس گیرۆ نەسەر صەدای نەی پەی پەی
تاوە ئینتهای ئەو سەر صەدای نەی[٥٢]

هەر لەم کەشی ئاوێتە بوونەی ئاوازی نەی و خەمو پەژارەی دەروونی (مەولەوی)و (گۆران)دا، تابلۆی دەقی (ئەی نەی)یەکەی (گۆران) بەوێنە هونەرییەکانی (مەولەوی) دەچنرێن، بەتایبەتی دوا کۆپلەی دەقەکەکە تیایدا دەڵێ:

ئەی نەی دە بە نەغمەی خرۆشان
ئەم ناوە بەجارێ پڕ سەداکە
بۆرۆحی شکستە باڵی ناڵان
لاوانەوەیەك بەکوڵ ئەدا کە[٥٣]

بەم وێنانەش( مەولەوی) بەئاوازی نەی گیانە پەشێوەکەی لاواندۆتەوە:

نەی چی ساڵێدەر قەزات وەماڵم
دەمیٚ دەرجە نەی دەروون زوخاڵم
هۆشی کەر هام فەرد سازان بسازە
بالات وەکالای خەمان بۆو رازە[٥٤]

(مەولەوی) بەم بەیتەی کەدەڵێ:

مەعدوومی غەفڵەت تاچەندو پەی چی
گۆش دەر وەناڵەی سەحەری نەچی(٥٥)

(گۆران) بەئاگا دەهێنێتەوە تا باڵ بەهەستەکانی بکاتەوەو رووەو سروشتو جوانیەکانی سروشتیان ببات و دەڵێ:

تاوێك نەغمەی مەل تاوێك شنەی با
تائەودیو شاخی ئەندێشەم ئەبا
خۆم بە خۆم ئەڵێم یاران من چیم کرد
بۆچ عومری جوانیم وەك پیر بەسەربرد(٥٦)

لەدیوانەکەی (مەولەوی)داو لەپەراوێزی پارچە شیعرێکیدا نووسراوە:(مەولەوی جارێکیان گوێی لەدەنگی کاروانێك ئەبێو بەومناسەبەتەوە بەخەیاڵ قافڵەچییەکە بانگ ئەکاو لەگەڵیا ئەکەوێتە گفتوگۆو قسەکانی بەینی خۆی و ئەوقافڵەچییەی لەم قەسیدەیەدا هۆنیوەتەوەو) دەڵێ:

هام دەردان ئامان ئەرمەندەن هۆشم
صەدایێ وەشەن مەیۆ نەگۆشم
چمان زیڵەی زەنگ زەواری مەیۆ
زرنگەی قافڵەکەی وەهاری مەیۆ
زەنگ دڵەی تەنگ زایەڵەی صەدرەنگ
پێکیای تای دەرد ریشەی خەم گوڵەنگ
وزان نەگەردەن بەرز پیشاهەنگ
بشۆ بدۆ دەنگ فرسەنگ وەفرسەنگ
مەدەد یاعەلی پەی سەفەر کەرمەیل
مەنزڵ وەمەنزڵ تامەنزڵکەی لەیل(٥٧)

(گۆران)یش کەوەك لیکۆڵەرێك هونەرمەندیی (مەولەوی)مان لەشیعری موناسەبەتدا بۆ دەردەخات، ئەو شیعرەی (مەولەوی) دەبێتە تۆوی چەکەرە پێ کردنی پارچە شیعری (زەنگی

پەستی) یەکەی و ئەمیش هەست کردنی جارجارەی بەپەستی یەکی لەمەستی‌یەك چوو، دەکاتە موناسەبەتی لەدایك بوونی تاقیکردنەوە شیعریەکەی و دەڵێ:

ئەوا دیسان لەگۆشەی نادیـــاری
دڵم هەڵسا زڕەی زەنگی فگـــاری
کەدێ مەستم کەنایە ئـــارەزووی دڵ
بەدوویا وێڵ ئەبێ مەنزڵ بەمـــەنزڵ
چی‌یە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بەماتی
کەژێر تەم کەوتووە شـــوێنی وڵاتی(٥٨)

کاتێ ئاوڕ لە (دیلان)یش دەدینەوەو هەوڵ دەدەین چۆنیەتی کاریگەربوونی بە(مەولەوی)یەوە دیاری بکەین دەبینین ئەمیش گەلێ کارامانە لەجیهانە شیعریەکەی (مەولەوی)ەوە هەوێنی چەپکێ وێنەی شیعری بەدەست هێناوەو زیرەکانە دەقە شیعرەیەکانی خۆی پێ چنیون.. هەر ئەم بەیتەی (مەولەوی) کەدەڵێ:

وەهارەن سەیرەن ســـەوزەی دیاران
نم کەوت نەدیدەش چوون شەو بێداران(٥٩)

بووەتە سەرچاوەی بنیاتنانی کۆمەڵێ وێنەی شیعری لەدەقە شیعرەیەکانی دیلاندا، وەك لەم بەیتانەدا دەبینرێن:

سەوزەی دیـاران وە ك شـــەو بێداران
بێ دڵۆپ وەکـو سـاڵی بێ بـــاران(٦٠)
***
شەونم بەقەتسی لەسەر ئەو نێرگسە کـاڵە
وە ك چاوە چ چاوێ کەبەفرمێسك وکەژاڵە(٦١)

لەژێر کاریگەری ئەم بەیتەی (مەولەوی)شدا کەدەڵێ:

گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پوشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان(٦٢)

(دیلان) وێنەیەکی شیعری بۆ (جەمیلی جوانەمەرگ)ەکەی دادەڕێژێو دەڵێ:

جەمیل جوان بوو گوڵ وێنەی ئەو ئەنەخشا
وەکو جەســــتەی ئەو هەردانە ئەپەخشا(٦٣)

هـەر لـەپاڵ ئەووێنانـەدا، دەبینـین بەکۆمـەڵێ وشـەی شـیعری نـاو فەرهەنگـە شـیعریەکەی (مەولەوی)، تاقیکردنەوە شیعریەکانی دەوڵەمەند کردووەو هێندە کارامانە بەکاری‌هێناون‌و وێنـەی تری لێچێنوین کەبۆ خۆیان بوونەتە بنەمایەك لەو بنەما هونەرییانەی کەسیما و شەقڵی تایبەتمەند بە دەقە شیعریەکانی دەبەخشن‌و دەنگی (دیـلان) لـەناو دەنگی شـاعیرانی هاوتەمـەنی‌دا دیـاری دەکەن، وەك لەو وێنە شیعریانەدا دەبینرێن:

دیلان دەڵێ:

تاچەخماخەی خوێن نەیدایە لەهەرد لەیلاخ بێ دەماخ چارەکزو زەرد(٦٤)

(مەولەوی) یش دەڵێ:

بەریش کەرسای وەڵگ هیمەت وەیاتاخ نەکەرۆش سەردیی ئیلاخ بێ دەماخ(٦٥)
هالای سەر مەستەن وەشنوی لەیـلاخ بۆی نەوپـــایزش نامان وەدەماخ(٦٦)

(مەولەوی) وتوویەتی:

وەهاران سەوزەن ئاوەن سەرکارەن هاژەی وەفراوان شاخەی شەتاوەن(٦٧)

یان دەڵێ:

مەشینە چین چین چنوور نەکاوان تۆخوا ماتەم بەهاژەی وەفراوان(٦٨)

(دیلان)یش دەڵێ:

هاژەهاژی ئاو هارەی شەتاوان بریسك و هۆڕی نزارو کاوان(٦٩)

یان دەڵێ:

ڕۆژی ئامانج چریسکەی بێ هاژەی شەتاوان خەرمانی گوڵ بەشەفاف بێ خونچەی کەناریْ[٧٠]

(مەولەوی) وتوویەتی:

تۆ پاشکستەی بەرد هەردەی دەرد چەم کور مەینەت تەن زایف ڕەنگ زەرد[٧١]

(دیلان) یش دەڵێ:

پێ لەخرتکەی چووی بەردی هەردی دەرد ڕەنگ هەڵبزرکاو بەهەناسەی سەرد[٧٢]

بەم ڕەنگە دەتوانین بڵێین کە(مەولەوی) لەناو شاعیرانی کوردا (بەستە بێژی ئازار) بووەو هەر بەو بەستە سۆزدارانەشی پیرەمێردو گۆران‌و دیلان گۆش کراون‌و فێری ئەوە بوون چۆن بەجوانی سورشت ماڵی شیعری جوان ئاوەدان بکەنەوەو چۆنیش خەمی شیعریی داچۆڕێننەوە ناو دەروونی خوێنەرو گوێگرەوە، خەمی کەمەزاجی کوردانەو مرۆڤانەی پێ زاخاو بدرێتەوە.

## ئه نجام

پوختەی ئەو ئەنجامانەی کەلێکۆڵینەوەکە توانیویەتی گەڵاڵەیان بکات بریتین لە:

١. لەکاتێکدا بزووتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروو ، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەداو لەسەر دەستی (نالی‌و سالم‌و کوردی) بەخۆدابڕان‌و دوورکەوتنەوە لەشیعری هەورامی‌و لەرێبازە شیعرییەکەی (مەلەوی) بناغەی دارێژرا، دەبینین بزووتنەوە نوێکەی شیعری کوردی لەسی‌یەکانی سەدەی بیستەمدا بەرووکردنە (مەلەوی)و بەسوودوەرگرتن لەبنەمای هونەری‌و فکری شیعرەکانی (مەلەوی) رەنگی رێژراوە

٢. دیاردەی کاریگەری ئەدەبی تورکی لەسەر شاعیرانی کورد، لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا، لەسنووری رووکردنە چەند تاقیکردنەوەیەکی شیعریی نوێ تێپەڕی نەکردووەوەو نەبۆتە هۆکاری سەرەکی لەپێک هێنانی رێبازێکی نوێی شیعری‌دا، بەڵکو خودی بزووتنەوە نوێکەو رێبازە نوێکە بەخۆداماڵین‌و دوورکەوتنەوە لەکاریگەری ئەدەبی تورکی‌و بەرووکردنە سەرچاوەیەکی رەسەنی کوردی کەشیعرەکانی مەولەوی بووە پێك هاتووە.

٣. رووکردنە (مەولەوی)و بەدەست هێنانی هەوێنی رەسەنایەتی لەشیعرەکانی لەلایەن (پیرەمێردو گۆران‌و دیلان)ەوە ئاکامی گەرانێکی هۆشمەندانە بووە بەدوای تۆوی رەسەنی شیعریدا، تۆوێکی ئەوتۆ کە بتوانێ لەپاڵ مۆرکی نوێخوازی‌دا، سیمای تایبەتمەندی نەتەوایەتیش بەشیعری کوردی بپۆشێ.

٤. دیاردەی کاریگەری (مەولەوی) لەسەر ئەو سێ شاعیرە چ لەسەر ئاستی هونەری تاقیکردنەوەی شیعری بووبێ یان لەسەر ئاستی فکری بووبێ، کاریگەرییەکی فرە لایەنەیەو لەو سنوورە گەلێ بەرفراوانترە کەتائێستا دەستنیشان کراوەو بەبەراوردکردنێکی نێوان وێنەی شیعری دەقەکانیان رادەو چۆنیەتی ئەو دیاردەیە زانستانەتر دیاری دەکرێ.

## پەراوێزەکان:

١. لە لێکۆڵینەوەیەکی ترماندا کەبەناونیشانی (هەورامان و سەرچاوەی رەسەنایەتی)یە باسمان لەو کاریگەریەی شیعری هەورامی لەسەر باباتایەری هەمەدانیکردووە.

٢. میهرەجانی مەولەوی:٢٢٢

٣. لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی:٧١

٤. سەرچاوەی پێشوو:٧٥

٥. کوردستانی خوارووی رۆژهەلات:١٨٨

٦. گۆڤاری شەفەق ژ(٢)ی ١٥ی شوباتی ١٩٥٨

٧. بڕوانە: سەرنجێ لەزمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی: ٣٥-٤٠و رۆڵی شاری سلێمانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا- نامەی ماجستێر.

٨. رۆژنامەی ژیان ژمارە (٣٧٩)ی ١٩٣٣

٩. سەرچاوەی پیشوو

١٠. سەرچاوەی پێشوو

١١. سەرچاوەی پێشوو

١٢. گۆڤاری شەفەق ژ(١) ساڵی یەکەم ١٥ کانوونی دووەمی ١٩٥٨: ٣

١٣. بڕوانە: کاروانی شیعری نوێی کوردی : ٢٦.هەروەها بڕوانە: دیوانی شێخ نوریی شێخ ساڵح:١٥٣.

١٤. اشارات اولیه فی الشعر الترکی:٣٤-٥١

١٥. الادب المقارن:١٠٤

١٦. گۆڤاری بەیان ژمارە(٢)ی ١٩٧٠

١٧. موحازەرەکانی گۆران

١٨. گۆڤاری بەیان ژمارە(٢)ی ١٩٧٠

١٩. پیرەمێردی نەمر:٨٣-٨٤

٢٠. میهرەجانی مەولەوی:٢٠٠

٢١. سەرچاوەی پێشوو:٢٠٠

٢٢. رۆژنامەی ژیان ژ(٤٠٩)ی ١٩٣٤

٢٣. رۆژنامەی ژیان ژ(٥٤٧)ی ١٩٣٨

٢٤. موحازەرەکانی گۆران

٢٥. گۆڤاری بەیان ژ(٢)ی ١٩٧٠

٢٦. رۆژنامەی ژیان ژ(٥٥٢)ی ١٩٣٨

٢٧. رۆژنامەی ژیان ژ(٤٦٥)ی ١٩٣٦

٢٨. رۆژنامەی ژین ژ(٥٥٤)ی ١٩٣٩

.٢٩ زمان‌و ئه‌ده‌بی كوردی:٦٥

.٣٠ میهره‌جانی مه‌وله‌وی: ٢١٢

.٣١ فی نقد الشعر:٣٤

.٣٢ رۆژنامه‌ی ژین ژماره (١٣٣٤)ی ١٩٥٧

.٣٣ رۆژنامه‌ی ژین ژماره (١٣٣٥)ی ١٩٥٧

.٣٤ رۆژنامه‌ی ژین ژماره (١٦٨٦)ی ١٩٦٢

.٣٥ رۆژنامه‌ی ژین ژماره (١٣٣٥)ی ١٩٥٧

.٣٦ بڕوانه: رۆژنامه‌ی هاوكاری ژماره (١٧٨)و(١٨٢)ی ١٩٧٣و میهره‌جانی مه‌وله‌وی :٨و دیلان‌و تاقیكردنه‌وه‌ی شیعریی (نامه‌ی دكتۆرا) ١٧٢،١٩٠

.٣٧ لیریكای شاعیری گه‌وره‌ی كورد مه‌وله‌وی:٢٥٨

.٣٨ بڕوانه: الواقعیه فی الادب الكردی:١٩٢

.٣٩ میهره‌جانی مه‌وله‌وی:١٣٨

.٤٠ لیریكای شاعیری گه‌وره‌ی كورد مه‌وله‌وی:٢٤٨

.٤١ دیوانی مه‌وله‌وی:٥٢٣

.٤٢ پیره‌مێردی نه‌مر:١٩٠

.٤٣ دیوانی مه‌وله‌وی:٢٨٢

.٤٤ پیره‌مێردی نه‌مر:٣١٤

.٤٥ سه‌رچاوه‌ی پێشوو:٢٤٠

.٤٦ دیوانی مه‌وله‌وی:٤٥٨

.٤٧ سه‌رچاوه‌ی پێشوو:٤١٠

.٤٨ پیره‌مێردی نه‌مر:٢٠٤

.٤٩ بڕوانه: میهره‌جانی مه‌وله‌وی: ١٤٥و لیریكای شاعیری گه‌وره‌ی كورد (مه‌وله‌وی :٢٤٠

.٥٠ دیوانی گۆران:١١٩

.٥١ دیوانی مه‌وله‌وی:٢٤٨

.٥٢ سه‌رچاوه‌ی پیشوو:٣١٨

.٥٣ دیوانی گۆران:٢٢٤

.٥٤ دیوانی مه‌وله‌وی:٢٠

.٥٥ سه‌رچاوه‌ی پێشوو:٢٢

.٥٦ دیوانی گۆران: ١٦٧

.٥٧ دیوانی مه‌وله‌وی: ٤٩٩-٥٠١

.٥٨ دیوانی گۆران:٢٢٦

.٥٩ دیوانی مه‌وله‌وی:٤٦٧

.٦٠ دیوانی شیعر:٣٢٩

.٦١ دیوانی شیعر:٢٠٣

.٦٢ دیوانی مه‌وله‌وی:٤٣١

٦٣. دیوانی شیعر:٣٠٥
٦٤. سەرچاوەی پێشوو:٣٢٩
٦٥. دیوانی مەولەوی:٧٥
٦٦. سەرچاوەی پێشوو:١٦٣
٦٧. سەرچاوەی پێشوو:٤٧٢
٦٨. سەرچاوەی پێشوو:١٤١
٦٩. دیوانی شیعر:٧٩
٧٠. سەرچاوەی پێشوو: ١٤٥
٧١. دیوانی مەولەوی:٣٥٠
٧٢. دیوانی شیعر:٨١

## سەرچاوەکان

### أ: کتێب:


- پیرەمێردی نەمر، محمد رەسول (هاوار)، چاپخانەی العانی بەغدا ١٩٧٠
- دیوانی شیعر، محمد صالح دیلان، ئامادەکردنی عەبدوللا عەزیز خالد، چاپخانەی سومر، بەغدا، ١٩٨٧
- دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠
- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس، چاپخانەی النجاح، بەغدا-١٩٦١
- دیوانی شێخ نوری شێخ صالح، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ئازاد عبدالواحد کۆی کردۆتەوەو لەسەری نووسیوە، چاپخانەی (دار الجاحظ) بە غدا، ١٩٨٥
- سەرنجێ لەزمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چاپخانەی سلیمان الاعظمي، بەغدا ١٩٧١
- کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەللاح) چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨

– کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لەسەرەتای سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، رەشاد میران لەرووسیەوە کردوویە بەکوردی، هەولێر ١٩٩٧

– لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەلەوی ، ئەنوەر قادر محەمەد ، ستۆکلهۆڵم – ١٩٩٠

– میهرەجانی مەولەوی، کتێبی ژمارە (١) ی رۆشنبیری نوێ، چاپخانەی الزمان، بەغدا ١٩٨٩

– زمان و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی) وەزارەتی پەروەردە، چاپی ١٩٨٩.

– اشارات اولية في الشعر التركي، عبداللطيف بندر اوغلو، الموسوعة الصغيرة (١٢٧) دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣

– الادب المقارن، د. طه ندى، دار النهضة، بيرورت ١٩٧٥

– في نقد الشعر د. محمد الربيعي، دار المعارف مصر، القاهرة ١٩٧٥

– الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول ، بيروت، ١٩٦٦

**ب – رۆژنامەو گۆڤار:**

– ئەدەبیاتی کوردی، رەشید نەجیب، رۆژنامەی ژیان ژ (٣٧٩)ی ١٩٣٣

– چۆن ئەدەبی کوردی دیراسەر بکەین، دیلان، رۆژنامەی ژین ژ(١٣٣٤–١٣٣٥)ی ١٩٥٧

– وتارێکی پیرەمێرد، رۆژنامەی ژیان ژ (٤٠٩)ی ١٩٣٤

– وتارێکی پیرەمێرد، رۆژنامەی ژیان ژ (٤٦٥)ی ١٩٣٦

– وتارێکی پیرەمێرد، رۆژنامەی ژیان ژ (٥٤٧)ی ١٩٣٨

– وتارێکی پیرەمێرد، رۆژنامەی ژیان ژ (٥٥٢)ی ١٩٣٩

– وتارێکی پیرەمێرد، رۆژنامەی ژیان ژ (٥٥٤)ی ١٩٣٩

– وتارێکی پیرەمێرد، رۆژنامەی ژیان ژ (١٦٨٦)ی ١٩٦٢

– رۆژنامەی هاوکاری ، ژ (١٧٨، ١٨٢)ی ١٩٧٣

– دیدارێ لەگەڵ گۆران، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان ژ (٢) ی ١٩٧٠

– مەلەوی ، جمیل رۆژبەیانی، گۆڤاری شەفەق ژ (١٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨

**ج : نامەی زانکۆیی:**

١–رۆڵی شاری سلێمانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا(نامەی ماجستێر) ،عثمان عبدول معروف بەرزنجی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٥.

٢–دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری (نامەی دکتۆرا)،دڵشاد عەلی محەمەد،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٥.

د: دەستنووسی موحازەرەکانی گۆران لەبەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٦١.

# ظاهرة تـأثير المولوي في شعراء اللهجة الكرمانجية الجنوبية
## ( پيرەمێرد، گۆران، ديلان )

يتناول البحث ظاهرة مهمة في الادب الكردي هي تأثير المولوي في ثلاثة شعراء من شعراء اللهجة الكرمانجية الجنوبية (پيرەمێرد، گۆران، ديلان)

وتقابل هذه الظاهرة ظاهرة القطيعة بين مولوي من جهة وبين (نالي وسالم وكوردي) المعاصرين له من جهة اخرى. و تتجلى أهمية ذلك التأثير في كونه سببا لظهور حركة تجديد الشعر الكردي في ثلاثينيات القرن العشرين. وللوصول الى هذه الحقيقة والحصول على عدة نتائج جديدة حول تلك الظاهرة واثارها المهمة يحاول بحثنا ان يرد على ثلاثة اسئلة هي:

متى توجه الشعراء الثلاثة نحو مولوي ووقعوا تحت تأثير نصوصه؟ وكيف؟ ولم؟ ومن خلال الاجابة على تلك الاسئلة استطعنا ان نكشف النقاب عن الحقائق متوارية تتعلق بحركة تجديد الشعر الكوردي في ثلاثينات القرن الماضي وبالتجربة الشعرية لكل واحد من الشعراء الثلاثة المذكورين انفا.

## The Influence of Malawi on the poets of southern Kirmanji PeraMerd, Goran and Dilan

This paper deals with a significant phenomeno with in kurdish literature; the Influence of Mawlawi on three poets of southern Kirmanji, peraMerd, Goran and Delan a phenomen on which contrasts weith the isolation of Mawlawi from his contempories Nali, Salm and Kurdi.

This influence results in the emergence of the new Kurdish poetic movment of the thirties of the present certury. To uncover this fact, on the one hand, and to reach a number of new conclusions about this phenomenon and its conseguences, the research addresses three questions; When, Why and how have these three poets of kirmanji resorted to Mawlawi and his various styles?

The answer to this question reveals a number of facts about the new poetic movement of the each of the three poets.